# ئافرەت

کێشەیەک بە درێژاییی مێژوو

# ئافرەت

## کێشەیەک بە درێژاییی مێژوو

سەرۆ قادر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

سەرۆ قادر
ئافرەت "کێشەیەک بە درێژاییی مێژوو"
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٤٦
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٨٧٦ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: کوردستان کەیفی. تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-16-1

## یەک دوو قسە

ئەم نامیلکەیە بریتییە لە خوێندنەوەی ئەو ڕوانگەیانەی بە درێژاییی مێژوو لەسەر کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵی مرۆڤدا دروست بوون. هەوڵم داوە لەو پێناوەدا بەراوردێکی عەقڵانی – ئینسانناسی ڕوانگەکان بکەم و لە کوردستاندا بە شێوەیەکی مەنتیقی بڕوانمە کێشەی ئافرەت و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی شی بکەمەوە.

لەم قۆناغەی پێشکەوتنی وڵاتەکەماندا، ئافرەت ژان و گرفتێکی گەورەی کۆمەڵەکەمانە، نە خۆی خاوەنی کولتوورێکی تایبەتییە تا بە ئاسان ئاستەنگەکان تێ پەڕێنێ، نە کۆمەڵی پیاوانیش لە توانایدا هەیە ئەوان لە بەرچاو نەگرێ و خۆی ئەرکەکان ڕاپەڕێنێ. لەوەدا بڕاوینەتەوە کە ناتوانین هەنگاو بهاوێین ئەگەر نیوەکەی تر، ژیانێکی مرۆڤانەی نەبێت و لە سوباتدا بە ئەرکی خۆی هەڵنەسێت.

من هەوڵم داوە دەوری مێژوویی و زانیاریی هەموو ئایدیۆلۆجیا و باوەڕەکان لە قۆناغی خۆیدا لە بەرچاو بگرم. هەروەها بەردەوامیی ئەوان لە کولتووری ئەمڕۆدا ون نەکەم. چونکە لە هیچ قۆناغێکدا فەرهەنگێکی خاڵس دەست ناکەوێ. ئەوەش لەوەڕا دێت کە بەشەر بەرهەمی پرۆسەیەکی بەردەوامی مێژووییە و کاریگەریی بەسەر هەڤدییەوە هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەو فیکرانەی لەم باسەدا هاتوون، من حەز دەکەم لایەنگیریی خۆم بۆ ئەو بڕوایە نیشان بدەم کە ڕوانگەی مێیینە – دایکانەی ئافرەت، سەرچاوەی یەکەمی نەوعدۆستی و هاودەردی و لێبووردەیی و قبووڵکردنی جیاوازییە. هەر بۆیە، فەرهەنگی پیاوان کە بنەوای کولتووری

کۆمەڵی ئەمڕۆیە، بە درێژاییی ئەو مێژووەی لە پێشکەوتن و هەڵدانی بیری بەشەردۆستیدا بڕیویەتی، نەگەیشتووەتە ئەو پلە ئینسانییەی کە ئافرەت بە ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەیدا پەیڕەوی دەکات. خەیاڵی کۆمەڵ بۆ ئینسانیبوون، هەوڵدانێکە بۆ بە ئافرەتیکردنی ڕەفتار و ئەخلاقی بنیادەم. کێشەی کۆمەڵی پیاوان - کۆمەڵی بنیادەم - لەگەڵ ئەو میراتەیە کە لە گەلەی ئاژەڵانڕا لەگەڵ خۆی هێناویەتی و فەرمانڕەواییی پێ دەکات: یاسای هێز و توندوتیژییە.

لەوەدا زۆریش خەیاڵپڵاو نیم، لەم لێکۆڵینەوەمدا هەوڵم داوە، گرفتە بیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکانی ئافرەتان دیراسە بکەم و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانینەکانی ئەم سەردەمە، بە حەدی توانام، پەنجە بۆ گرفتەکانی ئافرەتی کوردستان ڕابکێشم. لەوەشدا بە ڕاشکاوی و سەراحەتەوە ئاخافتگم. هەوڵم داوە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیا دەرپەڕم و واقیعییانە بێمە دەو.

لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەم نامیلکەیە بەو ئاواتە دەنووسم کە لە ڕۆژگارێکی نێزیکدا، دان پێدانان و چاوکراوەییی کۆمەڵی کوردانیش دەرهەق بە ئافرەتان ببینم کە وەک مرۆڤ، دوور لە توندی و ستەم بژێن. دەشزانم ئەوە بە ئاوات و خەیاڵپڵاو ناهێتە دی، پەرەسەندنی ئابووری و بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆجیا و بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و مەعریفیی گەرەکە. دەبێ بنیاتی بەشەر لە ڕیشەوە بێتە گهۆڕین. کارێکی سەخت، لێ فرە پێویستە. داهێنان لە سیفەتەکانی مرۆڤە، بەئینسانیبوون داهێنانێکە ئەوانی تر لە سێبەریدا گەشە دەکەن.

سەرۆ
ئەیلوولی ٢٠٠٢/ هەولێر

یەک

## شوێنی ئافرەت لە ئەفسانە و دیندا

بۆ هەبوونی تێڕوانینێکی واقیعییانە لەسەر کێشەی ئافرەت بە درێژاییی مێژوو، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ کاروانی پێگەیشتنی مرۆڤ، وەک بەشێک لە سروشتی ئاژەڵە گواندارەکان. ئەوجا چاوێکیش بە پێگەیشتنی مرۆڤایەتیی بنیادەم، وەک بەرهەمی پێشکەوتن و پێگەیشتنی کۆمەڵ، بگێڕینەوە. ئەمە لێ وردبوونەوەی دوو بابەتی گەرەکە: یەکەمیان لێکۆڵینەوەی مرۆڤ وەک بەشێک لە سروشت. دووەم: لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ وەک بەرهەمی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژیت. لە هەردووکیاندا مرۆڤ لە چوارچێوەی جیهانی سروشتی دەوروبەری جیا ناکرێتەوە، بەشێکە لە دنیای مادی و وابەستەیەتی.

هەڵبەت کە ئەم تێڕوانینە دەگرمەبەر، ئاگام لە بیروڕای تریش هەیە کە لە ڕوانگەی لاهوتی و فترییەوە دەڕواننە پەیدابوون و پێگەیشتنی مرۆڤ. جا هەوڵ دەدەم بەبێ ئەوەی بکەومە بەراوردکردنی بیروڕا جیاوازەکانی سەر ئەم باسە، ڕوانینی خۆم شەرح بکەم. لە شوێنی پێویستیشدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، پازێکیش باوێمە ناو ڕوانگەکانی تر.

لەم ڕۆژگارەدا بەشی هەرە زۆری ڕوانینەکانی جاران، لەمەڕ مرۆڤ، لە لایەن زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەد یان ساغ کراونەتەوە. جا بۆیە ناخوازێ لەم بوارەدا ئێمەمانان خۆمان بە ئەرکێکەوە مژیل بکەین کە کاری ئێمە نییە. لەم پێناوەدا بۆ سەلماندنی خوێندنەوەی مێژووییانەی خۆم، تەنیا ئاماژە بۆ ئەنجامەکانی زانست لەم بوارەدا دەکەم.

مـرۆڤ بەشـێکە لە ئاژەڵە گـوانداره‌کـان و لە زۆر بواری سـروشـتـیشـەوە تابعی ئەو جـۆرە هەڵکەوتەیە کـە تەبیـعـەت وێڕای هەمـوو ئاژەڵەکـانـی لە چەشنی خۆی، بەسـەریدا سەپاندووە. ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین هەرگیز تاقەت و توانایی و ڕەفتاری مێیینەکان لە لای ئاژەڵەکانی وەک شـێر، گورگ، ورچ، مـەیموونی شامپانزە، ئەسپ و گا، وەک نێرەکانیان نییە. نێرەکان لە ڕووی تەندورسـتییـەوە بێ گرفتترن، ڕاو دەکەن، خـواردن دەدۆزنەوە، شـەڕ دەکەن، بار هەڵدەگرن، جووت دەکەن. کەچی مێینەکان ئاوس دەبن و دەزێن. لەم پرۆسـە سـروشـتـییـەشـدا نـەخـۆشی و ئازارێکی زۆر تەحـەمـول دەکەن، بەچکەکـانیـان شـیـر دەدەن و بەخـێـویان دەکـەن. ڕەفـتـاریـان هێـمنـتـر و دڕندەییـان کـەمـترە. هەڵبەت دیاریشـە کـەمتر لە ڕاوکردندا بەشـدار دەبن چونکە بێتاقەتترن، یان کەمتر بار هەڵدەگرن.

هەر لەو ڕۆژگارەوە کە بنیادەم وردە وردە لە جیهانی ئاژەڵ دوور کەوتەوە، نەیتوانی بەجارێک تابیعیەتی خۆی بۆ هـەمان سروشت کۆتایی پێ بێنێت. لەسـەر ئەم ڕێڕەوەی واقـیـعدا، لە بنیـادەمی سـەرەتاییدا هەمـان فـەرقی سـروشـتی ئاژەڵەکان، گواسـترایەوە ناو کۆمـەڵی سـەرەتایی. کـارکردن بۆ هێنانـەدیی بژێو هـۆکـاری یەکـەم و سـەرەکی بووە لـە دیاریکردنـی ڕۆڵی کـۆمـەلایەتی لە بنیـادەمـدا. ئەمـە زۆر بەخـێرایی جیـاوازیی نێـوان پیـاو و ئافرەتی نەک هەر دروست کرد، بگرە زۆر زەقیشی کردەوە. هەڵکۆڵینی چیا بە مـەبەسـتی دروستکردنی ئەشکەوت، تەحەمولکردنی سەختـێتیی ڕاو لە گـەرمـا و سـەرمـا، یان لە چیـا و دارسـتـانی چڕوپڕ لە دڕندەدا، جـۆمـاڵ و دروستکردنی جۆگا و هەڵبەستنی ئاو، رامکردنی ئەسپ و حوشتر و وڵاغی بەرزە و سەدان ئیشی تری قورس، تەنیا پیاو لە دەستی دەهات. لەو بوارەدا ئافرەت ڕۆڵی پلە دووەمی بینی و بە تەبیعەتی حاڵ بووە پاشکۆ. ماڵداری و بەخـێوکردنی زارۆکـان، بەشداریکردن لە کاری کشـتـوکاڵدا، ئەو پایگە کۆمەلایەتییەی نەدایە ئافرەت تاکو بەلانی کەمەوە لەگەڵ پیاودا بەرابەر بێت.

هەندێک لێکۆڵەرەوە پێیان وایە لە قۆناغی کشتوکاڵدا، ئافرەت دەورێکی زێتر لە پیاوی وەرگرت و ماوەیەکی درێژ سەروەری کۆمەڵ بوو، پیاوی خستە پلەی دووەمی دەوری کۆمەڵایەتی. ناویشیان لەو قۆناغە ناوە دایکسالاری. من وا دەبینم تۆزێک لاگیری و عاتیفەی ئایدیۆلۆجی و ئینسانی لەم تێڕوانینەدا زاڵ بێت. ئەگینا هیچ پاشماوەیەکی مێژوویی لە دەستدا نییە تا ئەم بۆچوونە بسەلمێنێ. لەوانەیە لە هەندێک قۆناغی نیشتەجێبوونی مرۆڤ، بەپێی بارودۆخی جوگرافی و هەڵکەوتی سروشتیی ناوچەکە و خەملانی فەرهەنگی دانیشتوانی ئەوێ، ئافرەت دەورێکی زیاتر لە شوێنەکانی تری بەرکەوتبێ، لێ هیچ ئاسارێکی فەرهەنگیی کۆن لە بابەت شکڵی سەر بەردەکان و وێنەی سەر گۆزە و شمەکی ناو ماڵ، جیا لە بالادەستیی پیاو، شاهیدێک بۆ ئەم بۆچوونە نادەن. ئەوەی هەیە ڕاوچییەکان، جەنگاوەرەکان، پاڵەوانەکان هەموو پیاون و بە ئاشکراش ئامرازی جنسییان بەرجەستە کراوە تا دەرکەوێ کام ڕەگەز کاربەدەست بووە. هەڵبەت لە بەشەکانی دواییدا دێمە سەر باسی هەندێک خواوەند، ساحیر و جادووگەر، کە لە چەشنی ئافرەت هەڵکەندراون.

کەم توانایی لە جەستە و ناسکیی هەستی ئافرەت، لەو کاتدا بە کەمبوون لێک دەدرایەوە. تەجرەبەی بنیادەمیش بایی ئەوەندە نەبوو تاکو ئەو سیفەتانە لە ڕوانگەیەکی ئینسانییەوە تەماشا بکات. چونکە هەر خودی بنیادەم بەگشتی لە پرۆسەی بەئینسانیبوونی خۆیدا، لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییدا بوو، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر بنەمای مەعرەفەتی ئادەمیزاد هەڵدەچندران. ئەگەر ئادەمیزاد بەرهەمی پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی بێت، ئەوە چەمکە زانیارییە ئینسانییەکانیش لە سەرەتادا زۆر سادە بوون. بە مانایەکی تر، سەرەتاکانی ئەو پرۆسە مێژووییە نێزیکن لە سەرگەی نێوان ئاژەڵ – بنیادەم. بۆیە بڕوا و بۆچوونەکانیش لەو سەرگەیە بەدوور نین.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی پێگەیشتنی مەعریفەتی ئادەمیزاد دەیسەلمێنێ، ئەو بڕوایانەی لە سەرەتاکانی کامڵبوونی ئەودا جێگیر بوون، ناخوداگا لە زەینیدا زۆر بە قووڵی چەسپاون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی کە ئادەمیزاد بە هەڵکەوتێکی حەیوانی – منداڵی، بەبێ هیچ پێشینەیەکی مەعریفی و زانستی، بە زمانێکی سادە و کۆڵەوار ڕووبەڕووی سروشت و خۆی بووەوە و هەوڵی دا بیانناسێ. هەر ئەوەشە ناسین و بڕواکانی ئەو سەردەم، سەرەڕای سادەیی و ناقیسییان، شێوەی پیرۆزییان وەردەگرت و لە چەشنی ئەفسانە و دیندا پشتاوپشت دەڕۆیشتن. لەوەدا چۆن پرۆسەی پەروەردە بڕوا و کەسایەتیی تاک لە منداڵیدا دەخەمڵێنێ، ئاوەهاش بنیادەمی سەرەتایی زادەی زانیارییە سەرەتاییەکانی خۆی و ئەو مێژووەیە کە بە کامڵبوونی خۆی دروستی کردووە.

کەم توانایی لە جەستەی ئافرەتدا – بە بەراورد لەگەڵ پیاو – هەڵکەوتێکی سروشتییەو هیچ پێوەندی بە کەموکووڕی لە پرۆسەی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیدا نیە. ئەو کاتەی ئەم بوونە سروشتییە، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەد کەڵکی لێ وەرگیرا و لە لایەن پیاوەوە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت قۆسترایەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەفتارە جەنگەڵییەی کە ئادەمیزاد – بەتایبەتی پیاو – لە قۆناغی جیابوونەوە لە ڕەوەی ئاژەڵ، لەگەڵ خۆی هێنای. ئەو تێڕوانینە نزمەی کۆمەڵ بەرامبەر ئافرەت دروستی کرد، ڕەفتارێکی دڕی حەیوانییە کە پیاو بەسەر بنیادەمدا سەپاندی.

لە لایەکی ترەوە، ناسکیی هەست و سۆزی ئافرەت بەرامبەر بە جووتەکەی و منداڵەکانی خۆی، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی جەستەیی و مەعنەویی ئەو نیوەیەی کۆمەڵی مرۆڤ. ئەو سیفەتە بە پلەی نزمتر لە مێیینەی ئاژەڵەکانی تریشدا هەیە، بەڵام لە ئافرەتدا بە پرۆسەیەکی

مـێـژوویی پڕ کـار و چالاکی، بە پەرەسـەندنی عـەقڵ گـەیشـتـە ڕادەی هۆشـیـاریی کامڵ لەنـاو پێوەندییە ئینسـانییەکانیدا. گومـانی تێدا نییە، لە کـردەوەی دوور و درێژی پەروەردە و ڕاهـێنانی پیـاو لەسـەر هـێـمنی و لێبـووردەیی و هـاوکـاریکردنی هـاونۆعـدا، سـەرەڕای تەجـرەبـە و پرۆسـەی زانسـتی خـودی کـۆمـەڵ، لە بـەئینسـانیکردنی ئادەمـیـزاددا، ئافـرەت بە هەڵکەوتە عـاتیـفییـەکـەی دەوری سـەرەکیی هـەبووە. بەو سـاختـومـانە سـۆز و عـاتیفەیەی مێیینە هـەیەتی، گریمانە ئەگەر لە ڕووی جەستەییشەوە بە قـەد پیاو بەهێز بووایە، دیسان هەر نەیدەتوانی وەکو ئەو دڵڕەق و بەزەڕ بێت.

مـرۆڤ وەک دیاردەیـەکی کـۆمـەڵایەتیی مـێـژوویی، هەر لـە سـەرەتاوە تێڕوانینێکی قـووڵ و فـرەلایەنی لەسـەر بایەخ و مـانای ئینسـانییـەت نەبووە. لەوەوە تێ دەگەین ڕەفـتاری بەشـەر لەگەڵ یەکتری، ئەو هەمـوو توندوتیـژییەی بەخـۆیەوە بینیـوە، دەبێ لەسـەر بنەمـای چەمکی زۆر سـاکار بووبێ. ئەگینا چۆن ڕێگای دەدا کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پەککەوتەکانی ببێتە عادەتێکی باو. ئەو دڵڕەقییـەی لە کـاتی شـەڕ و داگیـرکـارییـەکـاندا، دەرهـەق بە هـەڤدی ڕوویان دەدا و بە کۆیلەکردنی یـەکتری بە ئاسایی لێکدەدرایەوە، بۆ چەمکی سادە و ناقسی ئەو کات دەگەڕێتەوە، کە لەسەر بنیادەم هەبووە.

بۆچوونەکـانی تایبـەت بە فـەرق و جیـاوازی لەسـەر ئافـرەت بۆ ئەو کاتەی مێژوو دەگـەڕێتـەوە کـە بەشـەر زانین و تەجـرەبەیەکی هندکی لەسـەر خـۆی و دەوروبەری هـەبووە. ئەوە سـەرەڕای جیـاوازیی جـەسـتـەیی و توانای کـەمتری ئافـرەت لە پـرۆسـەی بەرهـەمـهـێنانی پێـداویسـتـیـیـەکـانی ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد. وەک لەوەوپێشیش ئامـاژەیەکم پێ کرد، بەشداری و بەردەوامـیی زیاتر لە بەرهـەمـهێنان و بەرزەفتکردنی سروشـتدا، شـوێنی کۆمـەڵایەتی هـەر توێژێکی نـاو کـۆمـەڵ دیاری دەکـات. ئەم قـانوونە تـا ئەم ڕۆژگـارەش لـەناو کۆمـەڵی مـرۆڤـایەتیدا کـاری خـۆی دەکـات. هـەڵبـەت لە ڕێڕەوی پێگـەیشـتنی

کۆمەڵایەتیدا، کە ئامرازی بەرهەمهێنان پێشکەوت و پرۆسەی کار فراوانتر بوو، زەوینەی مادی بۆ بەشداریی ئافرەت زیاتر لە جاران ڕەخسا، وەلێ تێڕوانینی کۆنی پیاو بۆ دەوری ئافرەت کە ئێستا بووبووە ڕوانگەی هەموو کۆمەڵ، ئاستەنگێکی سەختی لە بەردەم ئەم بەشداریکردنەدا خوڵقاند. داوونەریت و فەرمانە پیرۆزە دینییەکان، ئەو ڕوانگە نارەوایەیان خستبووە ناو قالبی چەمک و دەقە پیرۆز و نەگۆڕەکان. لە ژیانی ئادەمیزاددا دیاردەیەکی تازە هاتبووە کایە کە بەسەردا پازدانی دەبووە مایەی هاروژانی هەموو کۆمەڵ، ئا لێرەدا بەشەر دووجار کۆتی ئەسارەتی خستە سەر دەست و عەقڵی خۆی. ئەگەر جاران لەبەر نەزانی و نەناسین، خۆی لە بەرامبەر سروشتدا دەستەوەستان دەدیتەوە، ئا ئێستا بووبووە بەندەی باوەڕە ناڕاستەکانی خۆیشی، واتە ئەسیری فەرمانەکانی باوەڕی خوڕافی و داوونەریت بوو.

لە سەرەتای مێژوودا، لەوانەیە قاچ براوێک نەیزانی بێت بە دارشەقەی موناسب، دەکرێ قەرەبووی بێ قاچییەکەی بکاتەوە، بەڵام دوایی کە پێی زانی، بەکاری هێنا. گرفتە جەستەیی و هێزییەکەی ئافرەت لە بەرهەمهێناندا، بە پێشکەوتنی تەکنیکی کەرەستەی بەرهەمهێنان، هێدی هێدی ڕووە و چارەسەری دەچوو، بەڵام فەرمانڕەواییی پیاو کە عادەت و دەقە پیرۆزەکانیش بۆیان تیۆریزە کردبوو، پاساویان بۆ دەهێنایەوە، بووە ڕێگری سەرەکی. جا لە پاڵ ئەوەشدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی و قەناعەتە دینییەکان، بەلای خۆیانەوە سیستەمی مەعریفییان لای ئافرەت دادەڕشتەوە و لەسەر واقیعەکە ڕایان دەهێنا.

لەم ڕۆژگارەدا، لە ڕوانگەی جیا جیاوە باسی چەوسانەوەی ئافرەت دەکرێ. بەشێک لەوانەی لە بزووتنەوەکانی ئافرەتاندا – فێمێنیستەکان – چالاکن، لەم مەسەلەیەدا پەنجەی تاوان بۆ ڕەگەزی پیاو ڕادەکێشن و وا

دەزانن هەر لە زاتیانەوە ڕەگەزی نێرینە زۆرگۆ و ملهوڕن. لەم پێناوەشدا دەخوازن ئەم مافە زەوتکراوە بە زەبری تێکۆشان بگێڕنەوە. هەندێکی تریش سەرچاوەی بێبەشیی ئافرەت بۆ جیاوازیی چینایەتی دەگێڕنەوە. هەشن ملی دین دەگرن و لەو باوەڕەدان تەنیا ئەوە تاکە ڕێگری سەربەخۆیی ئافرەتە. لە بەشەکانی داهاتوودا بە تێری باس لەم ڕوانگەیانەش دەکەم. لێرەدا بەوەندە پەسند دەکەم کە دەبێ لە ڕێڕەوی مێژووی پێگەیشتندا، بکەوینە لێکۆڵینەوەی بێبەشبوونی نیوەی کۆمەڵ. ئەو بێبەش کردنەی لە لای خۆیەوە بووە مایەی درەنگ پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤ. وا باشە لێی بکۆڵینەوە چ هۆکارێک ڕێگەی بۆ هێز و توندوتیژیی پیاو کردەوە تا بەم ڕادەیە بکەوێتە چەوساندنەوە و کۆیلەکردنی نیوەکەی تری کۆمەڵگەی خۆی. بە دڵنیاییەوە هۆکاری هێز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لەو قۆناغانەی بنیادەم لە نەزانیندا دەژیا، یەکێکە لەو ئەنجامانە. هەروەک چۆن بەکارهێنانی هێز بۆ داگیرکردنی سامان و سەرزەوینەکانی تر، دەبووە مایەی شەڕ و داگیرکاری لە نێوان گرووپە جیا جیاکانی بەشەر. ئەوجا دیاردەی کۆیلەکردن و یەکتری قەتڵوعامکردن هاتە کایەوە. وەک چۆن ڕەشپێستێک یان منداڵێک دەکرایە کۆیلە، بە هەمان شێوە لاوازی و بێدەسەڵاتیی ئافرەت قۆسترایەوە و جۆرێک لە کۆیلایەتیی بەسەردا سەپێندرا. نەزانین و نزمیی ئاستی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەکارهێنانی مەنتیقی هێز لە لایەن پیاوەوە، نەک هەر پاساوی چەوساندنەوەی ئافرەتی ئاسان کرد، بگرە هاندەری ئەو شەڕو داگیرکاریانەش بوو کە لە مێژوودا ڕوویان داوە.

لەوەوپێش بەسەر ئەم فیکرەدا تێ پەڕیم کە لە پرۆسەی بە ئینسانیبوونی بنیادەمدا، تێگەیشتنی ئەو بۆ مانای مرۆڤایەتی، لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی تر جیاواز بووە. هەر بۆیەش بایەخی ئینسان بە ڕوانگەی ئەم زەمانەی ئێمە تەماشا نەکراوە. بەپێی زیادبوونی زانایی بنیادەم و پتر زاڵبوونی بەسەر هێزەکانی سروشتدا، دەرفەتی ئەو، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر خۆی و پێوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان ڕووی لە زەبەندی کرد. هەر بەو ڕێچکەیەشدا چەمکەکانی لەسەر بایەخ و مانای مرۆڤ لە گۆڕاندا بوون.

لەم بەشەی باسەکەمدا دەمەوێ بنەماکانی مێژوویی لە بێبەشکردن و چەوساندنەوەی ئافرەتدا، شی بکەمەوە. بۆ ئەوەی دەرکەوێ کام هۆکاری فیزیکی بووە بنەمای ئەو چەوساندنەوەیە. ئەی بۆچی کۆیلەبوونی پیاو تا سەر بەردەوام نەبوو؟ بۆچی کۆیلە پیاوەکان یاخی دەبوون و ڕادەپەڕین، لە هەندێک سەرزەویندا دەبوونە مایەی رووخانی فەرمانڕەوا کۆیلەدارەکان، بەڵام هەرگیز ڕاپەڕینێکی ئافرەتان لە دژی بە کۆیلەبوونی خۆیان لە مێژوودا ڕووی نەداوە؟ ئاخۆ ئەوە بۆ نەزانینی ئەو دەگەڕێتەوە یان بۆ توانای فیزیکی و وەزعی بەدەنی و خسوسیاتە سایکۆلۆجییەکەی؟

ئەفسانەکان نیشاندەری جۆری بیرکردنەوەی بنیادەمن لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی مێژوو. خواست و ترسەکانی بەشەری هیچ نەزانی ئەو کات، لە بەهزرداهێنانی هێزێکی سەرووی خۆی، دەدۆزییەوە. ئەو هێزە دابەش بووبوو لە نێوان کۆمەڵێک خواوەندی خێرخواز و هەندێکی تری بەدخواز. جۆری ئەو خواوەندانە بە هەردوو چەشنەکەیەوە، لەسەر بنەمای هێزی نێرینە – پیاو – دادەڕێژران. هەڵبەت زۆرینەی ئەفسانەکان لەسەر ئاکاری بەشەر دادەدران و وێنەی ئاژەڵ و باڵندە و دێویان لەگەڵ تێکەڵ دەکرا، بەڵام لە تەفسیری نیهاییدا دابینی دەسەڵاتی پیاویان دەکرد. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی بیرکردنەوەی ئەوسای بنیادەمەکان. ئەو سیستەمەی لەسەر بنەوای چەندێتیی بەشداریی هەردوو ڕەگەزی ناو کۆمەڵ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیان و هەبوونی قودرەتی باڵاتری بەدەنی، دامەزرا بوو.

لە ئەفسانەکانی هەندێک میللەتاندا، دەورێکیش بە ئافرەت دراوە، بەڵام دەورێکی لا بەلا و لە زۆربەدا خراپ. بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا خواوەندی

جـوانی (ڤـینۆس) لـەســەر ئاكـاری ئافـرەتە بەڵام ئـەویش خـۆشــەویسـتی خــواوەندێكی ترە و بەســتــراوەتەوە بە كــۆمــەڵێک دەوروبەری پیــاو. لە ئەفسانەكانی ناوچەی ئێمەشدا زۆربەی دێڵەدێو و سیحربازەكان لە ڕەگەزی ئافـرەت داندراون، بەڵام هـەمـوویان ڕۆڵـی سلبی لە ژیانی كـۆمـەڵ دەگـێـڕن و یارمـەتیدەری هێزی بـەدخـوازن. لە نیـهایەتی هەمـوانیـشـدا مێرخـاسێكی لێهاتوو تەلەسم دەشكێنێ و كۆتا بە دەوری شـەڕانگێزانەی ئافرەتی حیلەباز و بە ئـازار دێنێ. لە زۆر ئـەفـســانەشـدا كـاتێک لە خـواوەندی خـێـرخـواز دەپاڕانەوە، قــوربانیــیــان لـە ئافــرەتـان و منداڵان بۆ دەكــرد، واتە لـە بێدەســەڵاتەكـانی نـاو كۆمـەڵ. لـە زۆرانیـشـدا هێـمـای ئافـرەت نیـشـانەی بەدیومنی و نـەهامــەتی بـووە. ئەو بیـروڕایانە لەســەر بـنەوای داســەكنانی سیستەمی كۆمەڵایەتی، بەهەردوو بەشی هێز و كار داڕێژران.

هاتنەكـایەی دین، لە كـاتێكدایە كـە ئـیـتـر پێـشكەوتنی هێـزی كـار و زیادبوونی زانایی بەشەر، تەنیا بە ئەفسانەكان تەفسیر و تەدوین نەدەكرا. دەقـە ئاینیـیـەكـان تێـڕوانینـی ئەفـسـانەییـیـان بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە داڕشـتـەوە و بە شـێوەیەكـی مونەزەمـتـر پیرۆزییان پێ دان. دین سـەرەتای داڕشـتنی جیـهانبینی بوو. لە دیندا پێشكەوتوویی و شارەزایی بەشـەر لە هەر قۆناغێكیدا لە بەرچاو دەگیرا و بە شێوازێكی ڕەخنەگرانەوە نەزمێكی لەبارتری بە ژیانی بنیـادەم دەدا. بڕوا و قـانوونە ئـاینیـیـەكـان دەرفـەتێكی فراوانتریان بۆ بـەشداریی ئافرەت لە ژیانی كۆمەڵایـەتی و مادیدا كردەوە. لە ڕوانگەیـەكی ئەخـلاقی و بەزەییـیـەوە داوای ســووككردنـی چەوسـاندنەوەی ئافـرەتیـان كـردووە. لـە لایەكی ترەوە بۆ بەرژەوەندیـی كۆمـەڵ، هـەوڵیـان داوە شوێنی ئافرەت لە كارو بەڕێوەبردندا فراوانتر بكەن. ئەوەش لە كاتێكدا بوو كە بەرزبوونەوەی ڕادەی شارەزایی وكارامەیی بەشەریان لە قۆناغی خۆیاندا لە بەرچاو دەگرت و بـە ئاستی زانیاری سـەردەم، ڕەخنەیان لە دیاردە دزێو و لە كـەڵک كـەوتووەكـانـی پێش خـۆیـان دەگـرت. بەم مـانایە، منیش پێم وایە

پێغەمبەرەکان گەورەترین خێرخواز و چاکسازیی زەمانەکەیانن. ئەوان لە ڕووناکبیرانی داهێنەر و ڕەخنەگری واقیعبینی زەمانی خۆیانن کە لە چاکسازی و ڕێنومایی بەشەر بۆ بە مرۆڤایەتیکردنی بنیادەم، هاوتایان نییە. پێغەمبەرانی وەک بودا، کۆنفسیۆس، زەردەشت، مانی، مووسا، عیسا، محەمەد لە شەفافترین و داهێنەرترین و بیرمەندترین کەسانی زەمانی خۆیانن. ئەوان بەشدار و بنیاتنەری هەرە گەورەی مێژووی مرۆڤدۆستین (هیومانیزم).

کاتێک دێینەوە سەر کێشەی ئافرەت، دەبینین سەرەڕای ئەو دەورە مرۆڤدۆستانەی دین گێڕاویەتی، بەڵام نەیتوانی لە چوارچێوەی سیستەمی بیرکردنەوەی ئەوکات دوورتر بڕوات. لە بڕواکانی ئاینیشدا هەر پیاو باڵادەستە و سەرکردایەتیی ژیانی ناو کۆمەڵ بۆ ئەو پاوان کراوە. هێزی سەرەکیی کۆمەڵ هەر ئەو هێزەیە کە لە سەرەتای مێژووی بنیادەمەوە هەبوو: سەروەری بۆ خاوەن هێزی مادییە، بۆ ئەو بەشەی کۆمەڵە کە ئەهرومەکانی کاری بەدەستەوەیە. دین لە قۆناغێکی نوێدا پیرۆزیی بەو سەروەرییە و پێوەندییەکانی بەخشی. لە هیچ کام لە دینەکاندا باسی بەرابەریی پیاو و ئافرەت نەکراوە. لە ڕووی عەمەلیشەوە نەیدەتوانی نە ئاوا بیرێک پێشنیاز بکات و نە داوای جێبەجێکردنیشی بکات. کۆمەڵ پێویستی بە پلەیەکی باڵای پێشکەوتنی تەکنیکی و هزری هەبوو تا لەناو خۆیدا ئەو گرفتە چارەسەر بکات کە بە قانوونی دارستان سەپێندراوە و لە بیروڕاکانیشدا شەرعیەت و قودسیەتی پێ دراوە. پێشکەوتنی تەکنیکی کارکردن، ئەوەندە نەچووبووە پێشەوە تا کەلێنی جیاوازیی هێز لە نێوان ئافرەت و پیاو پڕ بکاتەوە، بۆیە لە مانای بەرابەرییەکی لەم چەشنە نەدەگەیشت.

دین لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستییەوە (هیومانیزم) زۆر چەمکی نوێ و هەندێک

جـار زیاد لـه پلەی پێـشکەوتنی ئـەو قـۆناغـەی تێـدا بوو، بەسـەر کـۆمـەڵدا سەپاندنی و بنیادەمـەکانی بۆ برایەتی و هـاوکـاری و بەهـاناوەچوونی لاواز و پەککەوتەکان بانگهێشتن دەکرد. بۆیەش هیچ دینێک بە ئاسانی وەرنەدەگیرا و ناچار دەبوا قۆناغێکی ئامۆژگاری و جیهاد تێ پەڕێنێ.

من باسـێکم لەو بـوارەدا کرد کـە هیچ دینـێک چارەسـەرێکی نیـهاییی بۆ کـێشـەی ئافـرەت پێ نـەبوو. چونکە هـەر قـۆناغـە لە پێـشکەوتنی کـۆمـەڵ، توانایی و سیستـەمی عەقڵیی تایبەت بەخـۆی دەبێ و ناوەڕۆکی چەمکەکان بەم پێـودانگە دەگـۆڕێن. بەڵام ئەگـەر بپـرسین بۆچی دین نەیویست دان بە یەکسـانی پیاو و ئافرەت دابنێ؟ من وا دەزانم لـەو کاتدا ئەوپەڕی بەرابەری وا مـەزەندە دەکرا کـە دەقـە پیرۆزەکانی دین بڕیاری لەسـەر دەدان. هـەڵبـەت چەمکی بەرابەریش لەگـەڵ پێـشکەوتنی کـۆمـەڵ لە گـۆڕاندا دەبێ. تـەنانەت سـاختـومـانی زمـان و مـاناکانی ئەوە نەبووە کـە ئەمـڕۆ لێک تێگەیشـتنی پێ دەکـرێ. هـەر بۆیەش لـەم ڕۆژگـارەدا شـیکردنـەوە و لێکدانـەوە بـایەخـێکی گرینگی وەرگرتووە.

لەم ڕوانگەیەوە، واقـیـعی نابـین، ئەگـەر چارەسـەری کـێـشـەی ئافـرەت و دیاریکردنی مـافـەکانی، لە فـەرمـانـەکانی دین بخـوازین. ڕاسـتـیش نییـە پەڵپ بە بوونی دینی بگـیـرێ و دەقـە دینییـەکـان لەگـەڵ پلەی پێشکەوتنی ئەمـڕۆ بەراورد بکرێن. بۆ نموونە لە مـەزەبێکی دینی هیندۆسـدا، ژن لەگـەڵ تەرمی مێردەکەی دەنێژن. هـەروەها یەکێکی تر لە مەزەبەکانی هـەمان دین، زەکەری یەکێک لە قەدیسـەکانیان بە پیرۆز دەزانن و میدالیاکەی وەک تفـەڕک لە مل دەکەن. هـەروەهـا لە دینی مەسیحدا بە هـەزاران بیانووی شـەرعی، ئافرەتیان بەنـاوی سـیـحـرباز و شـەیتـان و خـوانەنـاس، بە زیندوویی لـە ئاگـردا دەسـووتـاند. هـەروەها تـەڵاق مـانـای نـەبوو، بۆیە دایم بـواری تـاوان لـە هـەردوولای ژن و پیاو کراوە بوو. هـەر لەو دینەشدا حەزرەتی مریەم هـەیە کە

تا پلەی خـواوەندی بەرز کـراوەتەوە. هـەڵبـەت نەک وەک ئافـرەت، بگرە وەک دایکی عیسا. یان مریەمی مەجدەلیە هەیە، چونکە حەزرەتی عیسا خۆشی دەویست، وەک قـەدیسـێک حـیـسـابی بۆ دەکـرێ. لە دینی یەهودیشـدا ئافـرەتانی وەک بەلقـیـسـا و زولێـخـا و ژنەکـەی لوط هەنە کـە بـە نموونەی بنیادەمی جنسدۆست و سەلبی دادەندرێن.

لە ئاینی ئیسلامدا، هەنگاوی زل لە بەراورد لەگەڵ دینەکانی پێشوودا، لەسەر کێشەی ئافرەت هەڵنران. ئافرەت بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە رووني مافە ئیداری و مالی و کۆمەلایەتییەکانی داندران. کوشتن و کۆیلەییی لەسەر هەڵگیرا، نسبەتێکی دیاریکراو لە میرات و مافە مالییەکانی بۆ داندرا، هەقی شووکردن و بە مەرجی دیاریکراویش مافی تەڵاقی درایە، مەجالێکی فـراوانی لە کـارکـردن بۆ کـرایەوە، ڕێگەی پێ درا لە نێـزیک پیـاوەوە لە ئیـدارەدا هـاوکـاری بکات. بۆیە ئەگـەر دینەکـان لە ڕووی ئینسـانییـەوە هەنگاوێکیـان بۆ دەرهێنانی ئافـرەت لە دەست کـۆیلەیی هـەڵنەنابێت، ئەوە ئیسلام بۆ یەکەم جار هەنگاوی بەکردەوەی لە دیاریکردن و جێبەجێکردنی هەندێک لە مـافـەکـانی هـاوێشت. لەوەڕا ئەز باوەڕم وایە، کـاتێک باسی مێژووی مافی ئافرەت دەکرێ، پێویستە لە هاتنی دینی ئیسلامەوە دەست پێ بکرێ. بەڵام پرسیـار ئەوەیە: ئەرێ مافەکانی ئافرەت هەر ئەوەندەیە کە دین دیاری کردووە؟ گومان هەڵناگرێ نا. بەڵام وەک لە پێشەوە باسم کرد، لە هەلومەرجی ئەو کاتدا، بەفیکر و بە کردەوە هەر ئەوەندە دەکرا.

ئەوەشـمـان لە بیر ناچێ کە دینی ئیسـلام، دەسکاریی دەسـەڵاتی پیاوی نەکرد، بەڵام سنووری بۆ دانا. لەوێدا نەک هەر هەوڵ بۆ لادانی ئەم دەسەڵاتە نەبوو، بگرە هەر بڕوایەکی لەم چەشنەش لە نێواندا نەبووە. فەرمانڕەوایی و وەلی ئەمـرێتی پیـاو بەسـەر ئافـرەتەوە جـارێکی تریش لە فـەرمـانەکـانی ئیسلامدا بە پیـرۆزییەکی زیاتر لە جاران داڕێژرایەوە. ئەگەر کەسایەتیی

ئافرەتی وەک خەدیجە، ئامینە، فاتیمە، عائیشە هەبوون، ڕێز لێنانیان بۆ ڕێزی پێغەمبەر بۆ ئەوان دەگەڕایەوە. لە ئیسلامیشدا ئەو ئافرەتە دەرگەی تێکەڵبوون لەگەڵ دەرەوەی ماڵی بۆ دەکرایەوە کە توانیبای سیفەتی پیاوانە هەڵبگرێ.

لەوەوە دێمە سەر ئەو باوەڕە ڕەوا نییە مافەکانی ئەمڕۆی ئافرەت، کە لە هەموو بوارێکی چەمک و پانتاییی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، جودایە لە چەمک و تێڕوانینەکانی سەرەتای ئیسلام، لەم دینە داوا بکرێ. لە دوو ڕووەوە ئەم کێشەیە بە عەقیدەکانی ئیسلامی چارەسەر ناکرێ: یەکەمیان، تێڕوانینەکە زۆر لەم ڕۆژگارە جیاوازە و بنەمای بیرکردنەوەی ئەو کاتی ئیسلام، نەیدەتوانی لە چەشنی ئەم ڕۆژگارە بێت. دووەم، فەرمانەکانی دین پیرۆزیی تایبەتی و موتڵەقی خۆیان هەیە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک دەسکاریی تێدا ناکرێ. ئا لەوەوە، کارێکی بێهودەیە ئەگەر چاوەڕوانی شتێکی لەمە زیاتر لە دین بکرێ.

دوو

## ئافرەت لە کولتووری فەرمانڕەواییە ئیسلامییەکاندا

دانیشتوانی وڵاتی ئێمە، هەرە زۆریان موسڵمانن. بۆیە کەشی فەرهەنگی و سیستەمی مافەکانی ئافرەت، بۆ ئەوانەی موسڵمانیش نین ئیسلامییە. پرسیار ئەوەیە: ئەو فەرمان و داوونەریتانەی لەم کەشەدا پەیڕەو دەکرێن، ڕێک ئەوانەن کە لە سەرەتای ئیسلام هەبوون؟ لە ڕاستیدا، دوای قۆناغی خەلافەتی ڕاشیدین، لە هەموو بوارەکانی دینی ئیسلامدا باس و گفتوگۆ و گومان دەستی پێ کرد. یەکێک لەوان، بواری مافەکانی ئافرەت بوو. پێنج مەزهەبە بەرفراوانە سەرەکییەکەی ئیسلام، بە تێڕوانینی هەندێک جیا، کەوتنە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو مافانە. بڕیارەکانی ئەم پێنج مەزهەبە شافیعی، حەنەفی، مالیکی، حەنبەلی، جەعفەری، تا ئێستاش بنەمای یاسا و فتواکانی ئەم دینەن.

لە پاڵ ئەو مەزهەبانەوە، فتوای لابەلا و داوونەریتی نوێ بۆ زیاتر یان کەمتر پەلبەستکردنی ئافرەت هاتوونە کایەوە. ئەوانەش بۆ خۆیان داوونەریتەکان پێک دێنن و لە پاڵ مەزهەبەکان، ئەوانیش بایەخێکیان هەیە. لە ئیمپراتۆریی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و سەفەویدا، بە درێژاییی مێژوو کۆت و بەندی ئافرەت لە زیادیدا بوون. خەلیفە و سوڵتانەکان جیا لە ژنەکانیان، حەرەمسەرای تایبەتیشیان هەبووە کە جوانترین ئافرەتی دیاری و بەدیلگیراویان بۆ دەهێنان و لەوێدا بە دیار نۆبەی خەوتن لەگەڵ خەلیفە یان سوڵتان لە چاوەڕوانیدا دەبوون. سەرەڕای پەرەسەندنی زانست و هونەری

تەلارسازی، بازرگانی، مۆسیقا و ئەدەب، باری مافەکانی ئافرەت لە عالەمی ئیسلامیدا نەک هەر پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدیت، بگرە هەر ڕووەو ئاڵۆزی دەبرا. شەوانی ڕەقس و مۆسیقا بۆ خەلیفەکان و سوڵتانەکان و والییەکانیان، لەگەڵ جوانترین و شارەزاترین ئافرەتی ڕاقیسە هەبوو، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەمە لەسەر بەشداریی ئافرەت بە ئازادییەکی زیاترەوە، نەدەبینرا.

لە لایەکی ترەوە، بە حوکمی فەرمانڕەواییی عەرەبان بەسەر جیهانی ئیسلامدا، دەرگا لەسەر هەناردنی داوونەریتی قەبیلە بەدەوییەکان بۆ گشت سەرزەوینە موسڵمانبووەکان کرایەوە. ئەویش برێتی بوو لە توندوتیژترین ڕەفتار لە دژی ئافرەتان. هەر لە رفاندن و تەڵاق نەدان و کوشتن و گچکە بەگەورە و ریسواکردن تا چەندان دابی تر کە هیچ پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە فەرمانەکانی دینەوە نەبوو.

دیاردەی دەستڕۆیشتوویی خانمی هەندێک فەرمانڕەوای ئیسلامی، بەردەوام لێرە و لەوێ هەبووە. وەک دەسەڵاتی زوبەیدە لە دەرباری هاروونە ڕەشیددا، یان رۆکسلانا لە لای سووڵتانی عوسمانی یان تورکان خانم لە دەرباری خوارەزمشاهییەکاندا. ئەوانە دیاردەی ئیستسناین و تەعبیریان لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی ئافرەت نەدەکرد، بگرە خۆشەویستی ئەوان لای شوەکانیان، مەجالی دەستدرێژی و زماندرێژی دەدانێ.

یەکێکی تر لە دیاردەکانی پێشکەوتنی جیهانی ئیسلام، فەلسەفە و ئەدەب بوو. بووژانەوەی هزری فەلسەفی زۆر بەخێرایی ناوەندە زانستییەکانی تەنیەوە و فەیلەسووفانی وەک ئیبن روشد و غەزالی و ئەبوعەلی سینا و فارابی و چەندانی تری هێنایە مەیدان، کە کاریگەرییان بەسەر بووژانەوەی بیر لە سەرانسەری دنیای ئیسلامیدا هەبوو، بەڵام لە مەجالی ئافرەتدا هیچ داهێنانێکی ئەوتۆیان نەهێنا، کە کار بکاتە سەر ژیانی کۆمەڵ.

هەروەها بووژانەوەی ئەدەب، دیاردەیەکی تری ژیانەوەی جیهانی بێ مونافیسی ئیسلام بوو. شیعر سنووری قەدەغەی باوی دەبەزاند و لە هەر بوارێک دوابا، نیهایەتەکەی دەهێنایەوە سەر جوانیی ئافرەت. دوای ئەوەش تەسەوف وەک دیاردەیەکی فیکری – دینی بەخێرایی پەرەی سەند و لەگەڵ ئەدەب تێکەڵ بوو. سۆفییەکان خۆشەویستییان دەکردە وەسیلەی ناسینی خوا. لەم پێناوەدا هیچ خۆشەویستییەکیان ڕەدە نەدەکردەوە، لەوانیش بایەخێکی تایبەتیان بە خۆشەویستیی ئافرەت دەدا. بۆ نموونە فەریدەدین عەتاری نەیشابوری، لە خۆشەویستیی هاوسەرەکەیەوە کەوتە دنیای تەسەوف. شەمسی تەبریزی عاشق بوو. عەشق لای رابیعەی عەدویەش وەسیلەی گەیشتن بە خۆشەویستیی ئیلاهی بوو. خۆشەویستی بۆ حەلاج و ئیبنوعەرەبیش مانای تایبەتی هەبوو. زۆرجارانیش ئەدیب و سۆفییە یاخییەکان، دەکەوتنە بەر پەلاماری فتوای مەلاکان و لەو بوارەدا بە ئاشکرا جیاوازی و ناکۆکییان هەبوو. هەموو ئەوانە دیسان نەبووە هەنگاوێکی نوێ بۆ ئازادیی زیاتری ئافرەتان. ڕەنگدانەوەی ئەوانە لەسەر ژیانی ئافرەت قەت هەست پێ نەکرا.

تەسەوفی ئێرانی، کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر تێکرای تەسەوفی جیهانی ئیسلامدا هەبوو، بەتوندی لەگەڵ ئەدەب پێکەوە گرێ دران. شیعر و پەخشان و نووسینە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان لە بواری ئازادیی ئادەمیزاد و پێوەندیی بە دینەوە، بەتایبەتی پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە خالیقەوە، کارێکی زۆریان کرد. لەوێدا عەشق بە گشتی وەردەگیرا و دەکرایە وەسیلە بۆ ناسینی خوا. مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی جلەوی بیری خۆی بەردابوو، دەیگوت: ئەوەی عەشق لە دڵیدا نەبێ، ناتوانێ پلەکانی گەیشتن بە خۆدا ببڕێ. عارفێکی وەک بایەزیدی بەستامی لەو باوەڕەدا بوو، نابێ ئەو بچێتە کەعبە، پێویستە کەعبە بێتە خزمەت ئەو، چونکە ئەو عەشقی ئیلاهیی لە دڵدایە و بە عەشقەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خوا هەیە.

فەننی شیعر و شێوازی جیا جیای پەخشان، لەوێدا بیرکردنەوەی عارفەکان بۆ دۆزینەوەی کەناڵێک، تا ئازادیی ئینسانی تێدا مەیسەر بکەن، گەیشتە ئاستێکی فرە باڵا. سەرەڕای ئەوەش ئافرەت هەر بۆ خۆشی و چێژی پیاو باس دەکرا، نەک وەک بوونێکی ئازاد. هەروەک چۆن باسکردنی مەی و شەراب و مەیخانە و خەرابات، نەبووە هۆکاری کرانەوەی کۆمەڵ بەسەر خواردنەوەیەکدا کە بە شاهیدی زانا و عارفەکان، پشوو و تەعالییەکی تایبەتی و بێ بەدیل دەداتە رۆحی مرۆڤ. هەر ئەو جۆرە تێڕوانینە نوخبەیی و دوور لە حەقیقەتی ژیان بوو کە وای دەکرد عارفێکی گەورەی وەک شەمسی تەبریزی، هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆی لەسەر یەک پیاسە بۆ ناو باغان، بە شەق و گۆپاڵ بکوژێت.

هەر بۆ نموونە دەڵێم، بۆچی فیکر لە جیهانی ئیسلامدا، سەرەڕای بڕینی ئەو هەموو پلە بەرزە، نەیتوانی کار بکاتە سەر واقیعی کۆمەڵ تا قەناعەت و یاساکان هەموار بکات؟ لە دواییدا میللەتانی ناوچەکەی خستە ئەو تەنگژە قووڵەی کە تا ئیستاش لێی دەرناچن.

سێ

## یاسا و داوونەریتەکان لە دژی ئافرەتن

ئەو ڕێنوێنییانەی لە ئیمپراتۆرییەکانی ئیسلامیدا کاریان پێ کراوە، جیا لە شەریعەت سەرچاوەگرتنیان، تێکەڵی ئیجتیهادی موفتی و خاوەنبیرەکانی ئاینی دەبوون، هەر بۆیە هێدی هێدی فەرمانەکانی شەریعەت تێکەڵ بە داوونەریتی ناوچەییە توندوتیژەکانی کولتووری بەدەویی عەرەب بوون. هێزی کولتووری بەدەوی لەوەوە دەهات کە بە نەتەوەی بالادەستی ئیسلام دەژمێردرا و میللەتانی موسڵمانی غەیرە عەرەب بە موالی دادەندران. ئەگینا ئەو وڵاتانەی کەوتنە ژێر فەرمانڕەواییی ئیسلام، خاوەنی داوونەریتی تایبەت بە خۆیان بوون. لەو قسەدا مەبەستم نییە بێژم ئەوان لە عەرەبان زۆر پێشکەوتووتر بوون، بەڵام یەقین بەپێی باری جوگرافی و کەشی کولتووری تایبەتی خۆیان، لە پێوەند بە ئافرەت، ڕەفتاری نێزیک و هەندێک جار جیاوازیان لەگەڵ عەرەب هەبووە. ئەو توندوتیژییەی قەبیلە عەرەبەکان لە بەرامبەر ئافرەت، لەسەر مەسەلەی شەرەف هەیانبووە، وەک ئەوە نییە کە لە ئێرانی کۆن، یان لە شام و بەینەلنەهرێن هەبوو. هەڵبەت داوونەریت لە سەرزەوینی کوردانیش، بەر لە هاتنی ئیسلام شتێکی نزیک لەوەی ئێران، بەتێکەڵ لەگەڵ کولتووری مەسیحیەت و پاشماوەی فەرهەنگی کلدو ئاشوور و پێخوستی یۆنانییەکان بووە. ئەگەر ڕەفتاری هەندێک عەشیرەتی کوردستانی بەدوور لە عەرەبەکان، بکەینە نموونەیەکی نێزیک لە فەرهەنگی کۆن، دەردەکەوێ کوشتنی ئافرەت و چەمکی شەرەف، وەک ئەوە نەبووە کە

له بەدەوییەتدا هەبوو. دەتوانین نموونەیەک بە داوونەریتی عەشیرەتی مەنگوڕ بێنینەوە. ئەوان لەسەر پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، یان بڕیاری ژن بۆ گۆڕینی مێردەکەی (بەدووکەوتن) بە کوشتن چارەسەر ناکەن.

هەڵبەت جیا لە هۆکاری دین، داوونەریتەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی پیاو دروست دەبن. لەوێشدا ڕادەی بەشداریکردنی ئافرەت لە کار، ڕا و فتوای پێشەوایانی مەزەبی و عەشیرەیی، هەندێک جارانیش کاریگەریی خورافات، ڕۆڵی سەرەکییان لەو دروستبوونەدا هەیە. ئەگینا دینی ئیسلام لە بواری پێوەندییە جنسییەکانی پیاو و ژن – سەرەڕای هێشتنەوەی مالیکییەت و باڵادەستیی پیاو – کۆمەڵێک مەرجی داناون ئەگەر بەکار بهێندرێن، کوشتن زۆر کەم دەبێتەوە. بۆ نموونە تەنیا بە تاوانبارکردن، ژنێک مەحکوم ناکرێ، بگرە پێویستە زیاتر لە شاهیدێک لە کاتی مومارەسەی جنسدا، ئەویان دیتبێ. جا لەوێشدا تەنیا ژن سزا نادرێ، پیاوەکەش هەمان چارەنووسی تووش دەبێ. یان ناڕەزاییی ژنێک لە مێردەکەی بەکوشتنی ژنەکە کۆتاییی ناهێندرێ، دەکرێ لێک جیا ببنەوە و پیاوەکە قەناعەتی بێت و تەڵاقی بدات. هەروەها جنس وەک پێویستییەکی ئینسانی، لە ئیسلامدا بە گلاو و قەدەغە داناندرێ، لە ڕێگەی دان پێدانراوی خۆیەوە، دەبێ بێتە دی. بەڵام ئەوەی بووەتە لەمپەر لە بەردەم جێبەجێبوونی ئەم مافانەدا، داوونەریتی توندوتیژیی بەدەوییانەیە.

وەک باسم کرد، تەڵاق لە کۆمەڵدا، دیاردەیەکی تازە نییە. کۆمەڵە هێمنترەکان لە زۆر بواردا مامەڵەیەکی هێوریان لەگەڵ کردووە. چونکە وەک دیارە، جۆری داوونەریت لە کۆمەڵگە جیا جیاکان، لە پێوەند لەگەڵ ئافرەتدا وەک یەک نین. بۆیەش چەمکی نامووس یان شەرەف "واتە خاوەنێتیی پیاو بۆ ئافرەت" لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر جیاوازە. زۆرجارانیش ئەو ڕەفتارەی لە شوێنێک خوێنی لەسەر دەڕێژێندرێ،

له شوێنێکی تر به ئاسایی وەردەگیرێ. بۆ نموونە، عەرەب لەسەر شەرەف ژنیان دەکوشت بەڵام زۆربەی خێڵە ئەفریقیاییەکان، بۆ ڕێز لێنان، شەو ژنەکانیان دەنێرنە لای میوان. یان له زۆربەی عەشیرەتەکانی کوردستان، ئەگەر ژن ڕازی نەبا، تەڵاق دەدرا.

کوشتنی ژن لەسەر پێوەندییەکی خۆشەویستی یان جنسی، له لای عەرەبان به "غسل العار" ناودەبرێ. تەفسیرەکەشی شوشتنەوەی لەکەی نەنگی پێوەندیی عاتیفی یان جنسی، به خوێنی ژنەکە بوو. کەچی له دواییدا "غسل العار" بووە دابی زۆربەی میللەتانی موسڵمان و کەوتە ناو یاسای زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە موسڵمانەکان.

تەڵاق، به هەمان چارەنووس بردرا. لای عەرەبان، جیابوونەوەی ژنێک له پیاوەکەی، به سووکایەتی بۆ پیاوەکە دادەندرا. بۆیە ئەگەر ژنەکەی نەکوشتبا، ئەوە به درێژاییی تەمەن دەبوا به بێوەژنی دابنیشێ و له مێردێکی تر بێبەش دەکرا. ئەوجا به تۆبزی بەمێرد دان و به بچووکی مارەکردن و گچکە به گەورە، وەک عورف تێکڕای جیهانی ئیسلامی تەنییەوە. ئەوانەش خۆیان دەبوونە کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی داپۆشراو و له زەمانی خۆیدا دەکرایە مایەی خوێنڕێژی، به تایبەتی له ژنان.

تەڵاق نەدان، یان تەڵاق دان و منداڵ لێ سەندنەوە، ئەو دابە توندانە بوون – که تا ئێستاش بەردەوامن – و هۆی بەستنەوەی ئافرەت و زیندانکردنی له ژیانێکدا که هیچ شانازیی پێوە نەکات. کەم نییە ئەو ڕووداوانەی کوڕ دوای مردنی باوک کە ئەو منداڵ بووە، یان دوای جیابوونەوە دایکی مێردی کردووەتەوە، وەختایەک گەورە بووە، چووە دایکی خۆی کوشتووە. زۆرجارانیش ریسواکردنی ئافرەت وەک وەسیلەیەک بۆ پەند دان به خەڵکانی تریش بەکار دەهات. بۆیە دایم ئافرەت له ناوچەکەی ئێمەدا له خەمۆکیدا بەسەر دەبات.

ئەگەر لە یاسا دینییەکان بکۆڵدرێتەوە، دەردەکەوێ زۆربەی ئەم نەریتانە هیچ پێوەندییان بە شەریعەتەوە نییە، کەچی ناوەندە دینییەکان و خاوەن فتواکان، بێدەنگییان وەرگرتووە و بەمەش ڕێگەیان داوە چاکسازییەکانی ئاین لە بەرامبەر دابی توندوتیژیدا پاشەکشەی پێ بکرێت.

ئەمەیانم تا ئەو سنوورە ڕاستە کە باس لە مێژووی توندوتیژیی کۆمەڵ بەرامبەر بە ئافرەت بێت. وام گەرەک نییە گوایە یاساکانی شەریعەت کۆتاییيان بە زوڵم هێنا بێ. وەلێ ئەگەر هەنگاوی گەورە لە بەراورد لەگەڵ پێش خۆیان، هەڵنابێت، دەبێ باس بکرێ.

ئەو داوونەریتانە لەوەتای مێژوو هەیە، بەسەر ئافرەتدا پیادە دەکرێن، بۆیە وەک مۆتەکە دەورویشتیان تەنیوە و لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەی مردنی لێ دەکەن. لەوەڕایە ترس و خۆبواردن بووەتە بەشێک لە سایکۆلۆجیەتی ئافرەت: ترسی کوژران، ترسی لەدەستدانی ژیانی مادی، ترسی دوورکەوتنەوە لە منداڵ، ترسی نامووس و کەرامەتی کۆمەڵایەتی، ترسی بەلاوەنران لەناو کۆمەڵ. بنیادەمێک بەردەوام هەر هەڕەشە ببینێ، چۆن دەتوانێ مرۆڤێکی ئاسایی بێت؟

## چوار

## سەرمایەداری و کێشەی ئافرەت

مەبەستی من لەم نووسینە، لێکۆڵینەوەی قۆناغ بە قۆناغی مێژوو نییە. دەمەوێ تەنیا خوێندنەوەیەکی گشتی لەسەر ئەو واقیعە پڕ لە زوڵمە بکەم کە ئافرەت بەدرێژایی دیرۆکی بەشەر بەسەریدا سەپێندراوە. ئەوەی لەوەوپێش باسم کرد، قۆناغی دەرەبەگایەتیشی دەگرتەوە. بۆیە ئێستا باس لە قۆناغێک دەکەم کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازیی لەگەڵ پێش خۆی هەیە. ئەویش سەرمایەدارییە. لەم قۆناغەدا مرۆڤ کەوتە پلەیەکی بەرز لە پێشکەوتنی تکنۆلۆجیا و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕی زانستی. بیرکردنەوە لە بایەخی مرۆڤ و مافەکانی، لە سەرمایەداریدا بە ڕادەیەکی ئەوتۆ پێشکەوت کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پێش خۆی بەراورد بکرێ. سەرمایە دەستی بە تەنینەوەی هەموو دنیا کرد و سەرەنجام بازاڕی جیهانی پێک بەستەوە. هۆیەکانی پێکەوە بەستنەوەی فەرهەنگ و زانیاریی بۆ هەموو جیهان دەستەبەر کرد. دیموکراسی لەم قۆناغەدا چەندان شێوەی تاقی کردەوە و سەرەنجام بوو بە سیستەمێکی جیهانگیر. شۆڕشی گەورەی دیموکراتی لە ناوەڕاستی ئەم قۆناغەدا هاتنە دی، ئەمەریکا و فەرەنسا بە نموونەی ئەم دیموکراسییە دێنە بەرچاو. ئەدی بۆچی کێشەی ئافرەتی بە یەکجاری چارەسەر نەکرد؟ ئەگەر لە پێشوودا نەزانین و دین و خورافات بەسەر مێشکی بەشەردا زاڵ بوو، چۆن بوو لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و لیبرالیزمدا ئەم گرفتە بە یەکجاری بنەبڕ نەکرا؟

ئاشکرایە کار و بەرهەمهێنانی مادی، لەوێشدا بەدەستهێنانی زێدەبایی، قانوونی سەرەکیی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەدارییە. ئەو کەسەی کاری زیاتر دەکات کرێی زیاتر وەگیر دێنێ. بە پێچەوانەش داهات و بەرهەمی کەمتری دەبێ. لە سەرەتای پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، چڵێسی سەرمایەدار و پرۆسەی بەپەلەی کۆکردنەوەی سەرمایە، ئامانجی سەرەکی بوو. بۆیە لە شوێنی کاردا هیچ یاسایەکی ئەوتۆ نەبوو، چەوساندنەوە، ئازار دان، بێ ئیمتیازی، فەرق و جیاوازی هەبوو. بۆ ئافرەتان بە ئاشکرا کرێی کەمتر لە پیاوان دەدرا و لە کاتی نەخۆشی و پەککەوتن و منداڵبووندا هیچ ئیمتیازێکیان نەبوو. عەقڵیەتی بەنزمدانانی ئافرەت لە فەرهەنگی نوێی بۆرژوازیدا، وەک میرات لەپێش خۆی وەری گرتبوو. جیاوازیی رەگەزی بە ئاشکرا پەیڕەو دەکرا و ڕەش و سوورەکان کەمتریان پێ دەدرا. واتە یاسای نابەرابەری کار هەبوو. بۆیەش لە بزووتنەوەی کرێکاراندا، ئافرەتانی کرێکار، بەشێکی زۆری نارەزایەتییەکەیان پێک دێنا. وەک دیارە نارەزاییی کرێکاران و بزووتنەوەکانیان سەرانسەری ئەورووپا و ئەمەریکای گرتەوە.

دەبێ ئەو ئیشارەتەش بدەین کە لە سەرمایەداریدا، بۆ یەکەمین جار ئافرەت دەرفەتی کاری بەرفراوان و بەکۆمەڵ لە دەرەوەی ماڵی پێ درا. لێرەدا واقیعی ئابووری و پێویستی سەرمایە بە هێزی کاری ئافرەت، بەسەر داوونەریت و فەرمانەکانی دیندا زاڵ بوو. لە ئەنجامی پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاران و کۆبوونەوەی بە ئەندازە پێویستی سەرمایە و تەنازول و تەجرەبەی بۆرژوازی لە بەڕێوەبەرایەتی، پەرەسەندنی چەمکی یەکسانی و سیستەمی دیموکراسی، کرێ و بەشداریی کرێکاران لە سوودی سەرمایە بەرەو زۆری چوو. کەچی فەرق و جیاوازی بەرامبەر بە ئافرەتان هەر بەردەوام بوو. بۆیە لەناو بزووتنەوەی کرێکاراندا، بزووتنەوەی ئافرەتان دروست بوو، داوای هەڵگرتنی نابەرابەریی دەکرد.

ئەوە یەکەمین جۆر و سەرەتاییترین شێوەی بزووتنەوەی ئافرەتان بوو، بۆ هێنانە دیی مافەکانیان. مافێک بەرابەر بێت لەگەڵ پیاو.

هەڵبەت، لە سەرمایەداریدا خوێندەواری پەرەی سەند و فەرهەنگی شارستانێتیی بۆرژوازی جێگیر بوو، ئەویش دیموکراسییە. بۆیە وێڕای پیاوان، ئافرەتانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پەیدا بوون، هەر خۆشیان بوونە پێشڕەوی بزووتنەوەکەیان. لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشیارییان، خواستەکانی ئافرەتان رووەو زیادی هەڵدەکشا. جیا لە کرێی بەرابەر، داوای مافی پاراستنی تەندروستی و منداڵبوون و بایەخدان بە منداڵەکانیان دەکرد. ئەوەش وایدەگەیاند خواستەکان پتر ئینسانی و کەمتر تەنیا کرێکاری بن. پەیدابوونی چەندان جۆر بیروباوەڕی یەکسانیخوازی، ناوەرۆکی دادپەروەرانەی بزووتنەوەی ئافرەتانی قووڵتر دەکردەوە. ئەو بیروباوەڕانەی جێیان لەناو بزووتنەوەی کرێکاران هەبوو، لەناو ڕیزی ئافرەتانیشدا وەرگیران. وەک ئەنارشیزم و سۆسیالیزم و مارکسیزم.

تا قۆناغی دووەمی سەرمایەداری، بزووتنەوەی ئافرەتان زەختێکی بەوەج بوو بۆ سەر بۆرژوازی. سەرباری هەڵنانی هەنگاوی گەورە بۆ خۆشکردنی ژیان و گوزەرانیی ئافرەتان لە شوێنی کاردا – کارخانە بێ یان فەرمانگە – دیسان نابەرابەری هەر بەردەوام بوو. چونکە لە ڕووی توانایی جەستەیی و جۆری تەندروستییەوە، ئافرەت لەم قۆناغەشدا هەمان گرفتی سەرەتای مێژووی بۆ دووبارە بووەوە. تیۆرسییەنەکانی بۆرژوازی، لە ڕوانگەی زۆربوونی بەرهەمهێنانەوە مەسەلەکەیان چارەسەر دەکرد. ڕاستییەکیش لەو بڕوایەدا هەیە کە پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بەستراوەتەوە بە زۆربوون و پێشکەوتنی بەرهەم. لە کۆمەڵی دەوڵەمەنددایە کە خۆشگوزەرانی دروست دەبێ و بوار بۆ پەیڕەوکردنی یەکسانی دەڕەخسێ. کاتێک ئافرەت نەیتوانی لە شوێنی کار مونافەسەی پیاو بکات، جیاوازی لە ئیمتیازدا بەردەوام

دەبوو. کەواتە نابەرابەری وەک خۆی مایەوە.

بیروباوەڕی دژی سەرمایەداری کە بە پوختی لە مارکسیزمدا خۆی ڕێک خست، پێی وا بوو، هەر لە بنەڕەتەوە سیستەمی سەرمایەداری لەسەر چەوساندنەوە دامەزراوە، بۆیە ناتوانی نابەرابەری ئافرەت و پیاو چارەسەر بکات. بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیایە، دەبوا بزووتنەوەی ئافرەتان ببێتە بەشێکی جیا نەکراوەی بزووتنەوەی کرێکاران بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری. بەپێی ئەو باوەڕە، لە سۆسیالیزمدا بەرابەریی ئینسان، بە ئافرەت و پیاوەوە دێتە دی.

بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، توانی متمانەی ئافرەتان بۆ لای خۆی رابکێشێت و بزووتنەوەکەیان بکاتە پاشکۆی بزووتنەوەی کرێکاران و حزبە کۆمۆنیستەکان. بارودۆخی نوێی سەرمایەداری و ئەو فەرهەنگە کراوەیەی هێنابوویە کایە، ئەو تواناییەی بە ئافرەتان دابوو کە بە پێچەوانەی هەموو قۆناغەکانی مێژوو، بتوانن خۆیان ڕێک بخەن و بەکۆمەڵ داوای مافەکانیان بکەن.

## پێنج

## کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی ئافرەتان

کاتێک فەلسەفەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، لە چەشنی کۆمۆنیزم چووە ناو بزووتنەوەی کرێکاران، خواستە سەندیکاییەکانیان بووە بەشێکی بەرنامەی کاری کۆمۆنیستەکان. لە پاڵ ئەوەدا بزووتنەوەی ئافرەتانیش کە لە ناوەرۆکدا یەکسانخواز بوو، هەر بووبووە بەشێک لە بەرنامەی چالاکیی کۆمۆنیستەکان. بەمە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری هێز و گوڕێکی ئەوتۆی وەرگرت کە بۆ سیستەمی سەرمایەداری سەخت بوو. ڕاپەڕینی پاریس لە تەجرەبەی کۆمۆنەدا، بزووتنەوەی چارتیستەکان لە بەریتانیا، خۆپێشاندانی بەردەوامی کرێکاران و ئافرەتان لە شیکاگۆ – کە لە هەموویاندا هێزی ئافرەتان و کرێکاران لە دواییدا بووە چەک بەدەست کۆمۆنیستەکانەوە، وڵاتانی سەرمایەداری پاڵ پێوە نا تا بە توندی بەرەنگاریی ئەو مۆدەی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری ببنەوە. سەرکوتکردنی کۆمۆنەی پاریس، خۆپێشاندانی ئافرەتانی شیکاگۆ بۆ هەندێک خواستی سەندیکایی و ڕەگەزیی خۆیان بوو، کەچی ئەویش هەر بە ناوی دامرکاندنەوەی ئاژاوەی کۆمۆنیستەکان، سەرکوتێکی خوێناوی کرا. لەو کاتەوە تا ئێستا، ساڵانە ئافرەتان ڕۆژی ٨ی مارس، وەک ڕۆژی یەکگرتنی ئافرەتانی جیهان یاد دەکەنەوە.

لە ڕاستیدا، سەندیکایەکان لە هەردوو ڕاپەڕینەکەدا دەوری سەرکردایەتییان هەبوو، خواستەکانیشیان بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری

دەقۆستەوە. سەرەنجام هەموو پارچە زوڵم لێکراوەکانی ناو کۆمەڵی سەرمایەداری بوونە کەرەستەی ئیش لەسەر کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. جیا لە کرێکاران و ئافرەتان، جووتیاران و میللەتانی ژێردەستە و ڕەشەکانی دژی نەژادپەرستیش بوونە لقێکی تر لە پرۆگرامی کۆمۆنیستەکان. لەوەدا سەرمایەداری خەتەرێکی تۆقێنەری دەدیت، بۆیە زۆر بە جیدی هەوڵەکانی خۆی کردە نێودەوڵەتی و لە سەرانسەری دنیا بەرەنگاری هەڕەشەی کۆمۆنیزم بووەوە. هەر جموجۆڵێکی عەدالەتخوازانە و چاکخوازی (ریفۆرمیست) تارماییی کۆمۆنیزمیان تێدا دەدیت و سەرکوتیان دەکرد.

لە ڕاستیشدا هەموو ئەو توێژانەی ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بوونە سووتەمەنی بۆ خەباتی کۆمۆنیستەکان. ئافرەتان بەشێکی چالاکی سەندیکایی و حزبە کۆمۆنیستەکانیان پێک دەهێنا. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا، دەرکەوت ئافرەتان چ ڕۆڵێکیان بوو. بەلشەڤیکەکان رێژیمێکی کۆمۆنیستییان لە رووسیا و میللەتانی هاوسێی هێنایە سەر کار. سەرمایەداری جەنگێکی نێودەوڵەتیی لە دژی کۆمۆنیزمی روسیا دەست پێ کرد. کۆمۆنیستەکانی جیهان بوونە هاوسۆزی هاوڕێیەکانی خۆیان لە یەکەتیی سۆڤیەت. بۆ ئەوەش لە سەرانسەری جیهاندا دەستیان بە خۆپێشاندان کرد. ژنان لە ریزی پێشەوەی ئەو خۆپێشاندانانە بوون لافیتەی "دەست لە شەڕی دژی سۆڤیەت هەڵگرن"یان بەرز دەکردەوە. مەتڵەبی ئافرەتان بە ئاشکرا بووە بەشێک لە شەڕی دژی سەرمایەداری و لە کاروانی مێژوویی خۆی دوور کەوتەوە.

دوای ئەوەی نیزامی کۆمۆنیستی لە بەشێکی زۆری ئەوروپا و ئاسیا و هەندێکی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا هاتە سەر کار، ئەوجا کەوتنە بەردەم تاقیکردنەوەی بەرنامەی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەت. کامڵترین

دەوڵەتی کۆمۆنیستی و بەتواناترینیان، هەر یەکەتیی سۆڤیەت بوو. لەو وڵاتەدا هەندێک هەنگاوی سەرەتایی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان هەڵنرا. ئەوە بوو سۆڤیەت کرا بە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی. بەڵام دوای حەفتا و پێنج ساڵ دەرکەوت ئەم ئازادییەی گەلان هەر رواڵەت بووە، ئەگینا جیا لە بە رووسیکردن، لە ڕووی نەتەوەییەوە هیچ سەربەخۆییان نەبووە و بووژانەوەی نەتەوەیی نارووسەکان هەر لە سەرەتادا بوو. ئەو وڵاتە دەوڵەتە براکانی تری خۆیان تەنیا بۆ مونافەسەی ئایدیۆلۆجیا و عەسکەری و ئابووری تەرخان کرد.

لە بواری ئافرەتدا، یاسای هاوشان لەگەڵ پیاو داندران و بڕیار درا ماف و ئیمتیازەکانیان بەرابەر بێت. بەڵام لە کردەوەدا تەکنۆلۆجیای پلە نزمی سۆڤیەت، پتر بواری بە پیاو دەدا و ئافرەت بە تەدریج بۆ مەجالی خزمەتگوزاری پاشەکشەی کرد. گومانی تێدا نییە کە لە مەجالی کارکردندا دەرفەتێکی زۆر درا بە ئافرەتان و لە ڕووی مووچەشەوە هەوڵ بۆ یەکسانی دەدرا، بەڵام خواستی ئایدیۆلۆجیا و واقیعی تەکنۆلۆجیا - باری ئابوری، دوو شتی لێک جیا بوون. بۆیە لە هەر بوارێکدا، بە شێوەی سەپاندن و شەکلی بەرنامەی ئایدیۆلۆجیا جێبەجێ کرابا، ئاکامەکەی قووڵترکردنەوەی تەنگژەی ئابووری و زانستی دەبوو.

نامەوێ بکەومە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی تەنگوچەڵەمەی بەردەوامی ئابووری لە وڵاتانی کۆمۆنیستدا، بەڵام گەرەکمە نیشانی بدەم لایەنگیری نیزامی کۆمۆنیستی بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت، مەجالی مونافەسە و داهێنانی کەم دەکردەوە. ئەوە بەشێک بوو لەو میکانیزمەی بەردەوام بەرهەمهێنانی دەخستە گۆشەیەکی تەنگەوە. سەرەنجام کاتێک نیزامی کۆمۆنیستی لەژێر باری گرانی تەنگژەکانیدا هەرەسی هێنا، دەرکەوت ئافرەتان لەوێدا خاوەن پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی - سیاسی -

تەکنیکی- ئابووری نەبوون.

هەڵبەت نابێ چاو لەو دەسکەوتانە بپۆشین کە مارکسیزم لە کردەوەی نیزامی کۆمۆنیستیدا بۆ ئافرەتانی هێنایە دی. لەوێدا بەبڕیارێکی سیاسی، هەموو قەدەغەیەکی دین و داوونەریتەکان لەسەر ئافرەت هەڵگیران و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئازادیی تەواویان پێ درا. ژن و پیاو لە بەرامبەر یاسادا یەک مافیان هەبوو. ئافرەتان هێندەی پیاوان ئازاد بوون لە مانەوە یان جیابوونەوە لە مێردەکانیان. لە خوێندن و ئیمتیازە فەرهەنگییەکاندا بەرخوردار بوون. ئەوەی پێی دەگوترێ مافە مەدەنییەکانی ئافرەت، بۆ یەکەم جار لە کۆمۆنیزمدا هاتنە دی. هەر ئەوەش بووە ئیمتیازێکی کۆمۆنیزم بەسەر سەرمایەداریدا. دوای ئەوە بوو لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتووش ئەو مافە مەدەنییانە وردە وردە هاتنە مەیدان و دەست بە چاکسازیی بەپەلە کرا. ئەوە یەکێک بوو لەو پاڵەپەستۆیانەی سەرمایەداری لەژێریدا دەستی بە تەنازولی کۆمەڵایەتی کرد.

سەربارى ئەو مافانەی لە کۆمۆنیزمدا بە شێوەی شۆڕشگێڕانە بە ئافرەتان دران و ئەوانی لە سووکایەتیی کۆمەڵ و زوڵمی ڕاستەوخۆی پیاوسالاری رزگار کرد، کەچی دیسان بەرابەریی ڕاستەقینە لە نێوان پیاو و ئافرەت هەر دروست نەبوو. بۆ؟ ئاخۆ لە نێوان مانای هەڵگرتنی ستەم و داهێنانی بەرابەری فەرقێک هەیە؟ ئاخۆ ئەوەی کۆمۆنیزم کردی، ملکەچی بۆ ئایدیۆلۆجیا و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بوو؟

لە بواری ئابووریدا - وەک ئاماژەم پێ کرد- باڵادەستی بۆ پیاو مایەوە. چونکە ئاستی نزمی تەکنۆلۆجیا دەرفەتەکەی هەر دەدایەوە خاوەن هێزی بەدەنی. لە لایەکی ترەوە، لە ئاستی سیاسی و ئیداریدا، ئەو ڕۆڵە سەرەکییە بەر ئافرەت نەکەوت کە بتوانێ لەوێدا پارسەنگێک ڕاست بکاتەوە. ئافرەتان پانتاییی کارە خزمەتگوزارییەکانی پلە خوارەوەی کارگێڕی و تەندروستی و

پەروەردە و هونەریان وەرگرت، بەڵام نەیانتوانی شوێنێکی گرینگ لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی ئابووری و سەرکردایەتیی سوپا وەربگرن. بەدرێژاییی تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵەی کۆمۆنیزم، سەکردەیەکی سیاسی، یان زانایەکی ئابووری و تەکنۆلۆجی، جەنەڕاڵێکی گەورەی سوپا لە ئافرەت نەبیندرا. لە هەموو بوارەکاندا سەرکردایەتی و باڵادەستی، لە نیهایەتدا هەر لە دەستی پیاودا مایەوەو بەشدارییەکی سەرنج ڕاکێشی ئافرەتمان نەبینی. کەواتە پیاوسالاری، بەڵام بە تەنازولێکی زۆری مافە مەدەنییەکان، هەر بەردەوام بوو. وەک دەریشدەکەوێ، کێشەی ئافرەت تەنیا بەند نییە بە مافە مەدەنییەکانەوە. ئەو قسەیەشم بەو مانایە نییە کە مافە مەدەنییەکانی ئافرەت پێویست نەبن یان لە زەرورەتیان کەم بکەمەوە. هەڵگرتنی ستەمی ڕاستەوخۆی مێژوویی زۆر پێویستە، بەڵام ئەوە لە خۆیدا بە تەنیا بەرابەری و یەکسانی ناهێنێ. هیچ کاتێکیش نەمانی ستەم بە هاوتەریبی یەکسانی وەرناگیرێت. ئا لەوەشدایە کە دەوری ئایدیۆلۆجیا بۆ نەهێشتنی ستەم گرینگە، بەڵام ناتوانێ شتێکی زیاتر بەسەر واقیعی نابەرابەردا بسەپێنێ.

لێرەدا، من لایەنگری ئەو رایانە نیم کە دەڵێن ئافرەت لە زاتی خۆیدا، لە پیاوان نزمترە و کەمتری لە دەست دێ، بۆیە مافیشی سنووردارترە. ئەوەی بەلای منەوە سەرنج ڕاکێشە ئەو پرسیارەیە: بۆ ئەوەی مافە مەدەنییەکان دابین ببن و ئیمتیازدان بە ئافرەتان نەبێتە سەرباری ئابووریی کۆمەڵ، دەبێ چی بکرێ؟

دووبارەی دەکەمەوە، کۆمۆنیزمیش وەک دین، بەڵام لە قۆناغێکی باڵاتری تەکنۆلۆجیادا، گۆڕانکاریی گەورەی لە فیکر و کردەوەدا هێنا. لە ڕووی ئینساندۆستی (هیومانیزم) و تێڕوانینی ئەخلاقی و حەزی عەدالەتخوازییەوە، زۆر لە مافە ئینسانییەکانی ئافرەتانی هێنایە دی. بەمەیش مرۆڤایەتی بەرەو چاوەڕوانی گەورەتر و داهاتوویەکی پرشنگدارتر

پاڵ پێـوه نا. وەلێ ئـەوەی جـێی باسـی منه نەیتـوانی کـێـشـەی ئافـرەت لە بنەڕەتەوە چارەسـەر بکات. دەسـەڵاتی پیاو لـە بەرگێکی نوێدا، بەشێـوازێکی هێمن بەردەوام بوو. چونکە کێشەی ئافرەت تەنیا مەسـەلەی کوشتن و تەڵاق و کار پێدان نییـە. پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ ئافرەت نیوەی کۆمەڵە؟ گەر وایە، لە کام ڕێگەوە دەتوانی نیوەیی خۆی، مرۆڤانە پەیڕەو بکات؟

ئەو نموونە بەدڕەفـتارییانەی لـەپێش کۆمـۆنیـزمـدا لەسـەر ڕەفـتـاری پیـاو دەرهەق بە ئافـرەت هەبوون، هەنـدێکیـان لەوەی دوایـیشـدا دووبارە بوونەوە. سـتـالین بەدەسـتی خۆی هـاوسـەرەکەی خۆی کـوشت. مـاوتسـتۆنگ عـاشـقی چیـانـگ چینگی ژنـەکــەی بوو، بەدەست ئەو ملیــۆنان ژن و پیــاوی تری سـەربەنیـست کـرد، وەک هـاڕوونە ڕەشـیـد و زوبەیدە. چاوشـسکۆ ملـکەچی دڵداریی ژنـەکەی بوو، بـەڵام لە ریزی دەسـتـرەشـتـرین دیکتـاتـۆرەکـان دێتـە ژماردن. میلۆزۆڤـیچ ژنەکەی خۆی کردبووە سـەرۆکی حزبێک و بە مـوخالیفی خـۆی دای نابوو، نەیارەکـانی ڕاسـتـەقـینـەی خـۆشـی کـۆمـەڵکوژ دەکـرد "وەک سـەدام حـوسـێن". ئەوانـەی ناوم هێنان لە سـەرکـردە کـۆمـۆنیـسـتـە بەناوبانگەکان بوون.

شەش

# ڕوانگەی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەسەر ئافرەت

لەو وڵاتانەی کەوتنە بن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان پەرەی سەند. خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی وڵات، ئەرکی هەموو دانیشتوانی بوو. بەڵام لە تێکڕایدا، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی دژی ئیمپریالیستی، هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمۆنیزم باو بوو. لە بەرنامەی دیموکراتییانەی ڕزگاریخوازاندا، ئازادکردنی ئافرەت و بەشداری پێکردنی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوشان لەگەڵ پیاوان، شوێنێکی تایبەتی گرتبوو. کەچی لە واقیعی کردەوەدا، بزووتنەوەکە تەنیا بۆ پیاوان بوو، بەشداریکردنی ئافرەت بە چەشنێکی مونەزەم شتێکی ڕەمزی و زیاتر بۆ خۆهەڵدانەوە لە چاو بیانییان بوو. ئەگینا لە واقیعدا ڕێگە لە ئافرەتان دەگیرا بەشدارییەکی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی تێدا بکەن. ئەم واقیعە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر بەزەقی دیار بوو.

نموونەی زۆر هەیە کە شۆڕشگێڕانی ماندوونەناس کەسوکاری خۆیان قەدەغە کردووە بەشداری لە کاری شۆڕشگێڕیدا نەکەن. پیاو بووە پەنای بۆ کوشتن بردووە. هەر ئەوە وای کرد بەشداریی ئافرەتان لە شۆڕشدا نەبێتە دیاردەیەکی شایانی باس. تەنانەت لە ڕێکخستنە نهێنییەکانیشدا، بوار بۆ ئافرەت زۆر بەرتەنگ کرابووەوە.

ئەگەر بمانەوێ هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بزانین، دەبێ بگەڕێینەوە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە و ئەو کولتوورەی باسمان لێوە کرد، چۆن پیاو بە درێژاییی مێژوو تێدا باڵادەست بووە. ئەوە جیا لە لەمپەری بیروباوەڕە ئاینییەکان.

هەندێک لە حزبە نەتەوەییە توندڕۆکان، هەوڵیان دا بەشێک لە کولتووری حزبە کۆمۆنیستە دەسەڵاتدارەکان وەربگرن. بەڵام لە ڕەفتار لەگەڵ ئافرەتدا بەشێوەیەکی ئاوەژوو پیادە کرا. هاتن هەندێک ئافرەتی کەسوکاری لێپرسراوەکانی ناو بزووتنەوەکەیان هێنا و بەبێ ئەوەی هیچ شارەزایی و لێهاتووییەکیان لەم بوارەدا هەبێت، خستیاننە پۆستی زۆر دیاری ناو بزووتنەوەکە. لە دواییدا ڕێکخراوێکی ئافرەتانیشیان قوت دەکردەوە و بەبێ ئەوەی هیچ بوونێکی ئەوتۆی هەبێت، ناوێکی بێ ناوەڕۆکیان لێ دەنا. ئەو ڕێکخراوە بێ ناوەڕۆکانە، لە هەموو بۆنە میللی و نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان پێ دەکرا و بەناوی ئافرەتانی شۆڕشگێڕی وڵاتەکە بیروڕای دەربڕی و هەڵوێستی دەنواند. کەچی لە ڕاستیدا ڕێکخستنەکەی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی دیاریکراو لە لای پیاوە شۆڕشگێڕەکان بەولاوە شتێکی تر نەبوو. لەناو زۆربەی هەرە زۆری بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا، شتێک بەناوی توراسی شۆڕشگێڕیی ئافرەتان نەبوو. ئەوە لە کاتێکدا کە ئافرەتی قوربانیدەر و لەخۆبوردوو گەلێک زۆر بوون. بۆ ئەو میللەتە ژێردەستانە کارەساتێکی سامناک بوو، لە کاتێکدا هەموو وڵات لە ژێردەستەییدا بوو، کەچی کولتووری باو ڕێگەی لە بەشداری و داهێنانی نیوەی کۆمەڵ گرتبوو. ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی ئافرەتانەوە خۆیان دەنواند، تەنیا دیکۆر و دیعایە بوون بۆ حزبی پیاوانی شۆڕشگێڕ، ئەوانەی بە شوورەییان دەزانی ئافرەتەکانیشیان هەمان شەرەفی شۆڕشگێڕییان بەرکەوێت.

ئەگەر بمانەوێ ئیستسنایەک دابنێین، ئەوە تەنیا لە چین و ڤیتنام بەشدارییەکی کەم بە ئافرەت کرا و ڕێگەیان پێ دان لە شوێنە جیا جیاکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا بەشدار بن. لە دوای هەشتاکانیش، پارتی کرێکاران لە کوردستانی باکور، ڕێگەیەکی موتەوازعی بۆ ئافرەتان کردبووەوە. هەڵبەت نامەوێ ئافرەتانی تاک و تەرای خۆبەختکاری وەک لەیلا قاسم و جەمیلە بوپاشا و لەیلا زانا لە بەرچاوان ون بکەم. ئەوانە شانازیی گەورەن بۆ میللەتەکەیان، بەڵام نیشاندەری بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی ئافرەتانی شۆڕشگێڕ نین.

دوای قۆناغی ڕزگاریی ئەو وڵاتانە، دیسان بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی ئافرەتان دروست نەبوو، تا لە سەربەستیدا، ئازادیی ئافرەتان دەستەبەر بکات. لەم قۆناغەشدا ڕێکخراوە بەناو ئافرەتەکان، لە بەرنامە و کۆنگرەکانیاندا هیچیان لە فیکری باش لە بیر نەدەچوو، بەڵام لە کردەوەدا وجوودێکی راستەقینەیان نەبوو. ئەوانە لە بڵندگۆی پروپاگەندەی حزبی خۆیان زیاتر چیی تر نەبوون. بۆیە زۆر بەخێرایی دەبوونە مینبەرێکی دیماگۆگی و بێ پایگە لەناو ئافرەتانی وڵاتەکەیان. ئەم حاڵە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش دەگرێتەوە. بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوان حزبە خاوەن ئایدیۆلۆجیا لێک جیاکان، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەفسی وەزعیان هەبوو کە باسم کرد. هەر بۆیەش تا ئێستا هەست بە شۆڕبوونەوەی ئەو ڕێکخراوانە بۆ ناو ئافرەتان ناکرێت. بۆ نموونە لەسەر کوشتنی بەردەوامی ئافرەتان بە بیانووی جیا جیای کۆمەڵایەتی و تەقاندنەوەی ئاریشگاکانیان و تیزاب پێدا کردن لە لایەن پیاوە توندڕۆیە ئیسلامییەکان، هیچ ناڕەزاییەک نە لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و نە لە پەرلەمانتارانی ئافرەت و نە لە وەزیر و بەڕێوەبەرەکانی ئافرەت و نە لە مافپەروەرە ئافرەتەکان دەرنەچوو. کاتێکیش ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەڕا پاڵەپەستۆیان خستە سەر حکوومەتی کوردستان، ئەوجا قانوونی

ئافرەتکوژی بەلاوە نرا، ڕێکخراو و کەسایەتییە ئافرەتەکانی کوردستان هەر ئاگاشیان لێ نەبوو.

لە ڕاستیدا سەبارەت بە ئافرەتان، بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، دوای سەربەخۆیی، هیچ وەفایان بەو وەعدانە نەکرد کە لە بەرنامەکانی خۆیاندا، باسیان لێوە کردبوو. ئەگەر تەماشا بکەیت، حاڵی ئافرەتان لە هەموو ولاتانی کۆن ژێردەستە، لە خراپیدایە. جیا لە بەردەوامیی لە هاڕدران بە دەست یاساو داوونەریتە کۆنەکان، پرۆسەی بەمۆدێرنبوونی ولاتیش لە قۆناغی پەڕینەوەدا، بەرەنجامەکانی بۆ ئافرەتان لە ئێش و ئازار بەدوور نەبووە. ئەم حاڵە کوردستانی ئازادیش دەگرێتەوە. تاکو ئێستا، جیا لە چەند هەموارکردنێک، قانوونەکان هەر ئەوانەن کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی داگیرکار دای نابوون و لە ناوەڕۆکدا تەواو دژی ئافرەتانن. لێرەدا ناکارامەیی و کارتۆنیی ڕێکخراو و کەسایەتییە ئافرەتەکانی ناو حزبەکان و حکوومەت، بەدیار دەکەوێ. لەو ولاتانەی بەرهەمی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانن، هیچ یاسایەک بە یەکجاری لە خزمەتی ئافرەتدا نییە. بەپێچەوانەوە یاسا ڕێگە بە کوشتنی ئافرەت، بۆ شووشتنەوەی شەرەف دەدات. بەشداریکردنی ئافرەت تەنیا لە توێژێکی بچووکی ئیدارە و پەروەردە و تەندروستیدایە. ئەوەی لە بەشی دیپلۆماسی و پۆستەکانی بالای حکوومەتدایە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورسییانەیە کە بۆ ئافرەت داندراون و هیچ پێوەندییان بە واقیعی ژیانی تاڵ و پڕ لە ستەمی ئافرەتان نییە. ئەمە ڕاستییەکە هیچ شانازیی پێوە ناکرێ و زۆریش تاڵە. حزب و دەوڵەتە شۆڕشگێڕەکان، هیچیان لە کێشەی ئافرەت چارەسەر نەکردووە. بۆیەش دایم لەژێر لۆمەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدان و لە تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵدا پەل دەکوتن.

حەوت

## ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتان

لە مێژووی مرۆڤدا، چەوساوەکانی ناو کۆمەڵ تەنیا ئافرەتان نەبوون. کۆیلە و ئاینەکانی کەمینەش بەدەست زۆرینەوە ستەمیان لێ کراوە. لە کاتی داگیرکردنی وڵاتێک بەدەست یەکێکی تری بەهێزتردا، دیسان چەوسانەوە بە ئاشکرا تەنگی بە خەڵکانی داگیرکراو هەڵچنیوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، ڕاپەڕینی زۆر فراوان و بەناوبانگی کۆیلەکان دژی کۆیلەداران لە مێژوودا هەیە. ڕاپەڕینی سپارتاکوس لە دژی ئیمپراتۆریی ڕۆم، زەنجییەکان لەدژی کۆیلەدارانی خەلافەتی ئیسلام. ڕاپەڕینی جیا جیای ئێرانییەکان دژی داگیرکارە عەرەبەکان کە ئێرانییەکانیان بە موالی و ئینسانی پلە دوو دادەنا. ڕاپەڕینی بابەکییەکان لە دژی ستەمی دینی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامییەوە پەیڕەو دەکرا.

ئەدی بۆچی هیچ ڕاپەڕینێکی ئافرەتان دژی چەوساندنەوەی خۆیان، لە مێژوودا نابیندرێ؟ لێرەدا پرسیارەکەم زیاتر تا پێش هاتنەدیی سەرمایەدارییە. ئەوەیان خسوسییەتێکی جیای ئافرەتانە، سەرەڕای ئەوەی بەرفراوانترین توێژی چەوساوە و زوڵم لێکراوی مێژووی بەشەرن. ئەم خسوسییەتە چەند لقێکی هەیە: یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی مەعنەوی و سایکۆلۆجیەتی ئافرەت کە ناتوانێ بەو ڕادەیە توند و خوێناوی بێت تا زاڵمی خۆی لەناو بەرێت یان پاشەکشەی پێ بکات. ئی دووەمیان، تێکەڵاوی خوێنی و عاتفی و خێزانیی ئافرەتە لەگەڵ ئەو ڕەگەزەی

دەیچەوسێنێتەوە. ئەمەیان برست لە ئافرەت دەبڕێ کاتێک تەماشا دەکات دەبێ چنگ بنێتە گیانی باوک و مێرد و کوڕەکانی. ئا لەوەشدایە جگە لە سۆز، فیداکاری بووەتە کولتوورێکی نەگۆڕ بۆ ئافرەتان. ئەوجا ئاساییە هیچ ڕاپەڕینێکی دژی کۆمەڵ لە لایەن ئافرەتانەوە نەبیندرێ. نابێ لە بیرمان بچێ کەوا هەردوو هۆکارەکەی سەرەوە بنەمای ئەو سۆز و هاودەردی و ئینسانییەتە، لە لای ئافرەت بوونێکی زاتی – کۆمەڵایەتی هەیە. هەر بۆیەش دەکرێ بڵێم سەرچاوەی یەکەم و سەرەکیی هاودەردی و هاوسۆزی بنیادەم بۆ کولتووری ئافرەت دەگەڕێتەوە.

بوونی ژنانی بەناوبانگ لە مێژووی میللەتاندا، بەمانای ئازادیی ئافرەت نییە. ئەو حاڵەتانە دەگەڕێتەوە بۆ نەقڵبوونی دەسەڵات و کاریزمای پیاوێکی دەسەڵاتدار بۆ ژن یان کچەکەی. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە خاوەن کاریزما و دەسەڵات، هیچ نێرینەیەکی گەورەی لەپاش بەجێ نەمابێ و یەکێک لە ژن یان کچەکانی توانای وەرگرتنی نەریتی پیاوانەیان هەبووبێ و لە خسوسییەت و کولتووری ژنانەی خۆی هەندێک دەرچووبێت. ئەوەش بوو بەو ئافرەتانەیان دەگوت: پیاوانەن. ژاندارک لە فەرەنسا، لە رووسیا شازادە کاترین، رابیعەی عەدویە لە ئیسلامدا، خانزادی سۆران، دایک و خوشک (شێخی سوورچییان) لە کوردستان، قورەتولعەین لە ئێران نموونەی ئەو حاڵەتانەن.

لەم زەمانەشدا کەسایەتیی بەناوبانگی ئافرەت هەنە کە سەرکردایەتیی وڵاتان دەکەن بەڵام بوونیان نیشانەی سەربەستیی ئافرەت لە وڵاتەکەیاندا نییە. وەک ئیندیرا گاندی لە هیندستان، بێنەزیر بۆتۆ لە پاکستان، سەرکۆماری بەنگلادیش ژنە کەچی خراپترین یاسا و دابی دژی ئافرەتان لەوێ پەیڕەو دەکرێ.

لە قۆناغی سەرمایەداریدا، گۆڕانێکی زۆر کەوتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. تەکنۆلۆجیا، هۆیەکانی گەیشتنی زانیاریی بۆ مرۆڤ

ئاسـان کرد. کولتـووری ئافرەتیش بەو دەسکەوتە زانسـتی و کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـیـانە مـوتوربە کـرا. لەگـەڵ پەیدابوونی سـیـسـتـەمی حزبایەتی و سەندیکایی لە کێشـە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئافرەتانیش بۆیان ئاسـانتر بوو بە فـیکری کـۆمـەڵایـەتیی عـەدالـەتخـوازانە تـەیار ببن، وردە وردە بزووتـنەوەی تایبـەت بـەخـۆیـان دروست بکەن. لە سـەدەی نۆزدەمـەوە تا ئێـسـتـا، لەگـەڵ پەرەسـەندنی بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەی ئافرەتانیش سـەری هەڵدا. لەوە بەدوا بوو ژمـارەیەکی زۆر کەسـایەتیی تێکۆشـەری ئافرەت پەیدا بوون و بەخـەباتگێڕ لەو بوارەدا ناویان دەرکرد، وەک نموونە: کلارا زتکین، سیمـۆن دیبۆڤـار، دایکە ترێزا، نەوال سەعداوی، تەسلیمە نەسرین، توجان فـەیسەڵ، مـیـهـرانگیـزی کـار. هەروەها لـەناو بزووتنـەوەکـانی رزگـاریخـوازیشـدا، ئافرەتانی تێکۆشـەر کـەم نین. ئەوانە لە سـەرکردایەتیی سیاسی و ئیدارە و هەندێکیش لە خەباتی چەکداریدا بـەشدار بوون. هەڵبەت ئەوانە چونکە ڕۆڵی کاریگەریان نەگێڕاوە، بۆیە یەکەباری خۆم هەست ناکەم بـووبنە سیمـبول بۆ ئافرەتانی وڵاتەکەی خۆیان.

دامـان و هیچ لـە دەست نەهاتوویی دەوڵەتـە مـیـللیـیـە سـەربـەخـۆکـان، ئەوانەی بەرهەمی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی بوون لە سەدەی بیستـەمدا، لە ئاست کێشـەی ئافرەت، بووەتە یەکێک لە گرفتـەکانی پرۆسـەی بەدیموکراتیبوونی ئەو وڵاتانە. جیهانی سێیەم ناتوانێ قۆناغی دیموکراسی دەست پێ بکا و سـتـەمکردن لە ئافـرەت وەک خـۆی مـابێـتـەوە. چونکە دیموکـراسی هەنگاوێکی گـەورەیە بـەرەو بیـرکـردنـەوە لە چارەسـەرکـردنی کێشەی ئافرەت.

هەشت

## ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان

لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەر لە سەرەتای چلەکانەوە، باسی ئازادیی ئافرەت کەوتووەتە ناو بەرنامەی حزبە تێکۆشەرەکان. دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، ئەم کیانە سیاسییە بەزۆر تێک پەستراوە، هێندە ئارامیی بەخۆیەوە نەدیت تاکو ڕووناکبیرانی کورد بە ئافرەت و پیاوەوە، بتوانن تەجرەبەی جیهانی پێشکەوتوو ببینن و لە بیروڕا سیاسییەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە. کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی نیازی دامەزراندنی عێراق ناوێک، لە ڕەفز و تێکۆشان بۆ سەربەخۆییدا بووە.

نێزیکی عێراق لە دەریا و گەرمبوونی بازرگانی، فراوانیی نەوت و دەسبەکاربوونی کۆمپانیا ئینگلیزییەکان بۆ دەرهێنانی، دروستبوونی هێڵی ئاسن و بەکارهاتنی شەمەندەفەر، بەخێرایی پێکهاتەی کۆمەڵی تەقلیدیی عێراقی گۆڕی. لە مەڵبەندە کرێکارییەکاندا، کۆمۆنیستەکان هەر لە ساڵی ١٩٢٠ەوە کەوتنە چالاکی نواندن. بەلشەڤیکەکانی ڕووسیا کارێکی زۆریان لە بەشێکی بزووتنەوەی سیاسی کرد. لە کەسایەتییە نیشتمانییەکانی ناو ئەو بزووتنەوانە دواجار بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دژی کۆلۆنیالیزم پەیدا بوو. بەشێکی چالاکی ئەو بزووتنەوەیە، کۆمۆنیستەکان بوون.

کۆمۆنیستەکان کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی فیکریی لاباڵە سیاسییەکانی هەموو عێراق هەبوو. لە کوردستاندا، دوای شۆڕشی شێخ مەحموود و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی بارزان لە کۆتاییی چلەکاندا،

ئەوان بەئاشکرا کاریگەری ئایدیۆلۆجییان بەسەر فیکری نەتەوەییی شۆڕشگێڕی کوردستاندا رووەو زۆری چوو. چەمکی مافی ئافرەتان یەکێک بوو لەو مانا فیکرییانەی لەژێر کارتێکردنی ئەوان، لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا بڵاو بووەوە. کەواتە تێڕوانین بۆ مەسەلەی ئافرەت لەناو کوردستاندا، لە ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم زۆر نێزیک بووە. هەر بۆیەش موخالیفەکانی کێشەی ئافرەت، مەسەلەکەیان زیاتر بە ئیلحاد و ئیباحیەت ناوزەد دەکرد. سەربارى ئەوەش بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیدا وازی لەم کێشەیە نەهێنا و هەموو کات خۆی بە گرفتی چارەسەرکردنی دیموکراتییانەی کێشەی ئافرەت دەبەستەوە.

ئەگەر بپرسین ئەرێ لەو هەشتا ساڵەدا، تێکۆشەر و رووناکبیرانی سیاسی چۆن لە ئازادی ئافرەت گەیشتبوون؟ وەڵامێکی نێزیک لەمەمان دەس دەکەوێت: ئەم ئازادییە خۆی لە مافە مەدەنییەکان و بە تایبەتی سەربەستیی شووکردن، خوێندن، کار، بەشداری لە ژیانی سیاسیدا دەبینێتەوە. لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چەمکێک بەناوی مافی ئافرەت، هەموو ئەو هەقانەی بە مافی ئایدئاڵ دادەندرێن، ئەم ڕەگەزە لێی بێبەش بووە.

تەعریفی سەرەتاکان لە کۆمەڵی ئێمەدا بۆ ئافرەتی ئازاد، مرۆڤێکی لە رەفتار و کردار و بڕوادا کلاسیکی لێ دروست دەکرا، کە ئەگەر ئازاد کرا ئەو سنووره دەزانێ کە بۆی داندراوە، ئافرەتی نموونەش ئەوەیە کە ئینسانێکی خۆپارێز بێت. بەردەوامیش ئازایەتی و فیداکاری لە پێناوی نیشتمان، دەکرایە وەسفە پەسندەکەی هەمووان. هەڵبەت تێکەڵکردنی ئازادی و ئازایەتی، لەو ڕوانگەیەوە دێت کە ئافرەت ئەو کاتەی سیفەتی پیاوان لە نەترسی و جەنگاوەری و دوورکەوتنەوە لە حەزی ژنانە وەردەگرێ، ئەو کاتەیە دەگاتە ئەوپەڕی ئازادی کە متمانەی پیاوانی هەیە. بۆیەش دایم

ژاندارک بە ئافرەتی نموونە هێنراوەتەوە. ئەو ژاندارکەی هەرچی سیفەتی ژنانە هەیە تێیدا نەبووە و لە جەنگدا ئەوەندە دلاوەر بووە، تا دەسگیر نەکرا نەیانزانی پیاو نییە. بە لێکدانەوەی ئەم زەمانە، لەوانەیە ئەو زیاتر پیاو بووبێ تا ئافرەت. لەم باسەوە، ئەو قسەیەی فروغی فەروخزادی ژنە شاعیری بەناوبانگی ئێرانی دێتەوە یادم کە گوتوویەتی: عەشقی مەجنوون بۆ لەیلا، ئەڤین نییە، زیاتر لە فێگرتنی پیاوێکی نەخۆش دەچێ.

هەموو نووسەر و تیۆرسیەنەکانی ئەم بوارە پیاو بوون، بۆیە زۆربەی ڕوانگەکانیان بەلای جنسدا دەچێ، جا بە پەسند بێ یان دژانە. کار گەیشتە شوێنێک هەموو پیاوەکانی لایەنگری جنس، ئازادییان بۆ ژنەکانی خەڵک دەوێ، بەڵام بۆ کەسوکاری خۆیان بە قەدەغەی دادەنێن. ئەوانەی دژی ئازادیی ئافرەتن، ئەو فیکرە بە فەسادی کۆمەڵایەتیی دەزانن.

چیرۆک و داستان و شیعرەکانی ئەو کات، لە مانادا سنوری لاوک و حەیرانیان تێ نەپەڕاندووە. تا ئێستاش بەشی هەرە زۆریان، جنسی ئافرەت بەلایانەوە سەرەکییە و ئازادیی ئینسانی ئەوان هەر لەوەدا دەبینن.

لاباڵەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بە دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتانەوە هەڵسان. ئەو ڕێکخراوانە بەشێکی جیانەکراوەی حزبەکان بوون. لە هەڵوێست و کردەوەی سیاسیدا یەکسەر سەنگەریان بۆ دادەندرا. هەڵبەت لایەنی هەرە باشی ئەم ڕێکخراوانە ئەوە بوو، کێشەی ئافرەت و لانی کەمی مافەکانیان کردە بەشێک لە کولتووری شۆڕشگێڕی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەرعییەتی شۆڕشگێڕییان پێ دا. جا با خیلاف لە تەنکی و قووڵیی لێکدانەوەکاندا هەشبوبێت. ئەگەر بمانەوێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە پێیدا بچینەوە ئەوە دەتوانین پێ لەسەر بە جەماوەری نەبوونی ئەو ڕێکخراوانە دابگرین و کولتوورێک بەناوی ڕۆشنگەری بۆ ئازادیی ئافرەت لە لایەن خودی ئافرەتانەوە نابیندرێ. هەر

بۆیە تێڕوانینەکان پیاوانە و یەکلایەنەن، پشووی بیری ئافرەتی تێدا هەست پێ ناکرێ. لەبەر هەندێ کەسایەتیی تێکۆشەر لەو بوارەدا، کە خەڵک گوێ بۆ ڕایەکانی بگرێت، نابیندرێ. ئەوەش نەقسێکی گەورەیە و کەلێنێکی دروست کردووە بە پیاو پڕ ناکرێتەوە.

دوای رزگاربوونی کوردستان، ئەم ئاریشە پتر بەدیار کەوت. سەرباری ئەوەی بایەخێکی زۆر لە ڕووی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی بارەگەی هاوچەرخ بەو ڕێکخراوانە درا، بەڵام ئەگەر هێزی حزب نەگاتە هانایان، ناتوانن میتینگێکی بچووکیش لەسەر مەسەلەکەی خۆیان ساز بدەن. لە هەمووی داخدارتر بە بانگەوە نەچوونی ئافرەتانی کوردستانە بۆ بانگەوازەکانی ئەو ڕێکخراوانە. ئەم واقیعە دەیسەلمێنێ کە ئەم ڕێکخراوانە، سەرەڕای هەموو باشییەکانی بوونیان، بە کولتوور و ڕێکخستنەوە ڕەگیان لەناو کۆمەڵی ئافرەتاندا نییە. هەر بۆیە خاوەنی هیچ خیتابێکی چالاک نین و لە ڕووداوەکاندا چاپووک و بەدەستوبرد هەڵوێست وەرناگرن، چونکە نە تەعبیرێکی ڕاستەوخۆ لە حاڵ و خواستی ڕۆژانەی ئافرەتان دەکەن، نە لە تەنگاناندا هەست بە پاڵپەستۆی جەماوەری ناو جادە لەسەر خۆیان دەکەن. لە لایەکی تریش لە وەرچەرخان و هەڵوێستدا چاوەڕوانی ئەمری حزبیانن.

لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستانی ئازاددا، داوونەریتەکانی ناو کۆمەڵ و قەدەغەکانی دین، ئاستەنگی سەرەکین لە ڕێی چالاکبوونی ئافرەتان. ئەو دوو هۆکارە لەکاتی ئەکتیڤ بوونیاندا دەبنە هێزی کۆمەڵایەتیی بەوەجی ڕێگەگرتن و وێرانکردن. داوونەریتە پارێزگارەکان لە پێکهاتەی توندوتیژیی خێڵەکی و باوکسالاری دەردەکەوێ، بەڵام قەدەغەکانی دین لە وەستانەوەی کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە ئاینییە توندڕۆکان دەبیندرێن. لە هەردوو هێزی ئاستەنگ خوڵقێندا، تۆقاندن و تیرۆر دژی ئافرەتان بەکار دێت. لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئازاددا، ڕۆژانە چەندان ئافرەت بە ئاشکرا

بەدەست پیاوەکانی کەسوکاریانەوە دەکوژرێن. هەڵوێستی کۆمەڵ و قانوون بەرامبەر بە ئەنجامدەرانی ئەم چەشنە تیرۆرە، بێلایەن و چاوپۆشیکارە. تا ئەم دواییەش قانوونی ئافرەتکوژی عێراق بە ناوی (غسل العار)، لە کوردستان پەیرەو دەکرا. ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، تەنانەت ڕۆژێک خۆپێشاندانێکیشیان دژی ئەم قانوونە زاڵمانەیە ئەنجام نەدا. کاتێک سەرۆکی حکوومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی دەستپێشخەریی کرد و قانوونەکەی بەلاوەنا، هیچ پاڵپەستۆیەکی ناوەخۆیی لەسەر حکوومەتەکەی هەست پێ نەدەکرا. کەچی ئافرەت لە پەرلەمان، وەزیر و بەڕێوەبەر و چەندان سکرتێری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەنە. ئەوانە ڕۆژێک پێشنیازێکیان بۆ لابردن و هەموارکردنی یاساکان نەبووە.

کەسایەتیی ئاینی و ڕێکخراوە سیاسییە دینییە توندڕۆکان، جیا لە هاندانی تیرۆر، لە تۆقاندنی خەڵک و تێکدانی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی ئافرەتان سڵ ناکەنەوە. لە جادەکان تیزاب بە گیانی ئافرەتە بێ عەبایەکان دادەکەن، دوکانی جلی مۆدە و ئارایشگای ئافرەتان دەتەقێننەوە، خەڵک، بەتایبەتی لاوان لە دژی ئافرەتانی سەربەست هان دەدەن. ئەو لاوە بێ تەجرەبانەی لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆجیای توندڕۆکاندان، لەناو جادەکان ڕێگە بە ئافرەتان دەگرن و ریسوایان دەکەن. کەسایەتییە ئاینییە پارێزگارەکان، لەسەر مینبەری مزگەوتەکان لە کاتی خوتبەی دینیدا خەڵک بۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان و لایەنگرانیان هان دەدەن. دین لە باوەڕی کۆمەڵەوە دەگوازرێتەوە ناو سیاسەت بۆ مەبەستی هەڕەشە و توندوتیژی بەکار دێ. هەموو ئەو هەڵچوون و توندڕۆییە بە ئاشکرا دەکرێ و دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت بەباشی ئەرکی پاراستنی ئافرەتان ڕاناپەڕێنن.

هێزە شۆڕشگێڕەکانی پێشوو، بەبێ هیچ هەڵوێستیکی ئیجابییانە

بەرامبەر بەو تراجیدیایە، دەست لە کەلەکە وەستاون. هەندێک جاریش بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان جموجۆڵێکی ترسنۆکانە دەکەن کە هیچ لەمپەرێک لەبەر هێزە تێکدەرەکان دروست ناکات.

کۆچبەرانی کورد لە ڕۆژئاوادا، ژمارەیان لە ملیۆنێک تێ پەڕیوە. ئەوانە هێزێکی گوشارن بۆ سەر داوونەریتی داخراوی ناوەوە. لەناو ئەوانەدا ژمارەیەکی کەم ئافرەتی ئازادیخواز و یاخی هەن کە بە شێوەیەکی پەراگەندە دژی توندوتیژیی ناوەوەی وڵات لە جموجۆڵ و لێکۆڵینەوەدان. کاریگەری ئەوانەش بەسەر نیوەی زوڵم لێکراوی ناو کۆمەڵی کوردستانی ئازاد، هەست پێ ناکرێ، چونکە نە بانگەشەیان بەپێی زمانی حاڵی ئافرەتانی ناوەخۆیە و نە میکانیزمێکیشیان هەیە لەسەری کار بکەن. ئەوەی بە مەتڵەبی هەنووکەیی بۆ ئافرەتانی کوردستان دادەندرێ، لابردنی توندوتیژی و کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆیە کە دەرفەتی ژیان و کاری ئاسایی بە نیوەی کۆمەڵ بدات. ئەم خواستانە لانی کەمی هەنگاونانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نابەرابەرییە سەرەکییەکە.

بەم تێڕوانینە، من کۆمەڵی کوردستان لە تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵ و تیژدا دەبینم. پێوەندی و هۆشیاریی هاووڵاتییان لەسەر دنیای کراوەی دەرەوە، ڕۆژانە بینینی ژیان و گۆڕانکاریی ئافرەتانی دنیای ئازاد، ئەم تەنگوچەڵەمەیە پتر بەرەو تیژی پاڵ دەنێ.

نۆ

## کەڵک وەرگرتنی ئینسانی لە تەکنۆلۆجیا

ماوەیەکی درێژ بوو، لەسەر مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و ئازادیی ئافرەت، مونافەسە و خۆهەڵدانەوەیەکی زۆر لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا هەبوو. سەرەنجام کۆمۆنیزم لەو کێبەرکێیەدا کورتی هێنا و دارِما. سەرمایەداری جیا لەوەی لە میکانیزمی ناوەخۆیدا گەیشتە پلەیەکی ئاڵۆز لە تەنزیمی سەرمایە، لە ڕووبەریشدا گەیشتە ئەوپەڕی نێودەوڵەتیبوون و هیچ مونافسێکی بۆ نەمایەوە. ئەم نیزامە بووە واریسی تێکڕای تەجرەبەی مرۆڤایەتی لە پرۆسەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا. پێشکەوتن لە بواری تەکنۆلۆجیا لە هەموو بەشەکانی ژیاندا، لەگەڵ هیچ زەمانێکدا بەراورد ناکرێت. ئەم پێشکەوتنە لە هەردوو مەجالی پێکەوە بەستن، گەیاندنی زانیاری، کامڵکردنی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و تەکنۆلۆجیای تەندروستی بەتایبەتی لە ژنیۆمدا، توانایی تێگەیشتن و چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسانتر کردووە.

دیموکراسی ڕۆژ بەڕۆژ لە ژیانی مرۆڤدا فراوانتر و قووڵتر دەبێ و لە گرینگیدانی سیستەمی سیاسییەوە بەرەو تەنزیمی کۆمەڵایەتی دەچێ. بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ بووەتە یەکێک لە ئەرکە بەپەلەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەرەو ئەوە دەڕوا میکانیزمێک بۆ چاودێریی نێودەوڵەتی بدۆزێتەوە، تاکو لە هەر کوێی عالەم کۆمەڵە کەسانێک، یان تەنانەت تاکە مرۆڤێک، بکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆ، بەهانایەوە بچن.

زیادبوونی گرایشی نێودەوڵەتی بۆ سەپاندنی عەلمانیەت لە یاساکاندا، لە بەرژەوەندی کۆمەڵ بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێ. بۆیە مەسەلەی هەموارکردنی یاسای وڵاتە توندوتیژەکان و گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیی و دوورکەوتنەوە لەو عورف و داب و یاسا ئاینییانەی کە یارمەتیی هێوریی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نادەن، بووەتە بەرنامەی کاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. کار وا بڕوات بۆ چەند ساڵی دادێ، هیچ شێوەیەکی دیکتاتۆری لەسەر ڕووی زەوی جێی نابێتەوە.

میدیا و هۆیەکانی تری گەیاندن، زۆر بەپەلە، داب و فەرهەنگی هەڵبژاردەی جیهانی بەهەموو کەس دەگەیەنێ و بەرە بەرە وا جۆرە فەرهەنگێکی جیهانی دروست دەبێت کە وێڕای مانەوەی خسوسییاتی میللی و ناوچەیی، لە ناوەڕۆکدا جیهانی دەبێت. لێک تێگەیشتنی مرۆڤ زۆر ئاسان بووە، بۆیەش بەهاناچوون بووەتە کارێکی ئاسانی ئەم زەمانە.

ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکوومەتییەکان، دەورێکی زۆر چالاک دەبینن. چونکە زۆر پابەند بە سیاسەتی رەسمی دەوڵەتەکانەوە نین، ئەوانە پەرەیەکی زۆریان بە هاوکاری و زانیاریی گەیاندن و کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بۆ نەبەزاندنی سنووری مافەکانی مرۆڤ داوە. کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی ئەم ڕێکخراوانە، پێشڕەوینەن بۆ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەلە کەوتووەتە خۆتەنزیمکردن لەگەڵ چالاکیی ئەم ڕێکخراوانە.

گرینگیدان بە دابینکردنی مافەکانی ئافرەت، بەشێکی زۆری چالاکی ئەو پرۆسە نێودەوڵەتییە داگیر دەکات کە دەیەوێ مۆرکی ئینسانی بەسەر پێوەندە کۆمەلایەتییەکاندا زاڵ بکات. راونان و چەوساندنەوەی ئافرەتان لەژێر هیچ پاساوێکی دینی و کۆمەلایەتیدا گوێی شنەوای بۆ پەیدا نابێ. کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی ئافرەتان و بە سەرپەرشتیی خودی ئەوان، دیاردەیەکی جیدی و زۆر نوێی بایەخ پێدانی

نێودەوڵەتییە بەم ئاریشەیەی بە درێژاییی مێژوو لەگەڵ بنیادەم ژیاوە.

بزووتنەوەی نوێی ئافرەتان لە جیهاندا، کە بە فێمینیزم ناسراوە، چالاکیی توێژە جۆرەوجۆرەکانی ئافرەتان و لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە دەگرێتە خۆ. هەوڵ دەدات فەرهەنگی هاوبەشی مرۆڤایەتی بۆ دابینکردنی مافی بەرابەر بۆ ئافرەتان، لە جیهانیان بگەیەنێ و چاودێریی پێشێلکارییەکانیش بکات.

ناوەند و بیرمەندی زۆر شارەزا لەم بوارانەدا، خەریکی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە یاساکانی تەنانەت وڵاتانی پێشکەوتووشن. ئێستا جیا لە هاوسۆزی ئینسانی و دانانی یاسای ئەوتۆ کە لە ڕوانگەی ئەخلاقی و عەدالەتەوە ئیمتیاز بە ئافرەتان دەدات تاکو لە کار و پەروەردە و پشتیوانی ناو کۆمەڵ بەرخوردار بن، بیر لەوە دەکرێتەوە تاکو بەوەندە یاسایانە ڕازی نەبن کە هەمووی لە ڕوانگەی هاوسۆزیی پیاوەوە دەرهەق بە ئافرەتان داندراون. ئەو یاسایانەی کە هیچ لە بایەخیان کەم ناکرێتەوە، بەڵام لە دواجاردا سەروەری هەر بۆ پیاو دێڵێتەوە. لێرەوە دایم شێمانەی پێشێلکردنی مافی ئافرەت هەر دەمێنێ. لەوەشەوەیە تا ئێستا لە وڵاتانی هەرە پێشکەوتوودا، ئافرەت بە زۆر پلە لە دواوەی پیاوەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی سەرەکیی وڵات. چونکە تا ئێستا – سەرەڕای یاسا پێشکەوتووەکان – لە بواری بەرهەمهێنان و بەشداریی کۆمەڵایەتیدا، ئافرەت مونافەسەی پیاوی پێ ناکرێ. ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵەرەوە ڕای جیا جیایان هەیە. یەکێک لەوانە بیرمەندی ئەمەریکایی فرانسیس فۆکۆیامایە. ناوبراو لەسەر کۆمەڵی ئەمەریکا و ئەوروپا و ژاپۆن، لێکۆڵینەوەی کردووە. وا دەردەکەوێ ئەو کرانەوەی لە وڵاتانی کراوە و پێشکەوتوودا هەیە، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر زەوینەی بەشداریکردنی ئافرەت لە بوارەکانی ئابووری، ئیداری، هونەر، پەروەردە، تەندروستی و دەیان بواری تری ژیان خۆش بکات. یاساکان

هەمووی لە خزمەت و هاوکاریی ئافرەتدان، کۆمەڵ تا ڕادەیەکی باش بۆ هاوکاریکردنی ئافرەت پەروەردە و ئامادە کراوە. ئینجاش هەموو کات بە چاوی زەیی و زەعیفەوە دەیانڕواندرێتێ.

لە لایەکی تر، لە کۆمەڵە ئازادەکاندا، ترس هەردەم سەرتاپای ئافرەتی داگرتووە. نەخۆشییە بەردەوامەکانی وەک: نەساغیی مانگانە، سکپڕی، بەردەوام هەڕەشەی دواکەوتن لە کار و شارەزاییی لێ دەکەن. هەر کەسێک تەنانەت پیاویش، هەموو مانگێک چەند ڕۆژ لە ئیشەکەی دوا کەوێت، جیا لەوەی کە تەندروستیشی باش نەبێ، بەشداریی ئەو لە بەرهەمهێنان و شارەزاییدا کەم دەکاتەوە. جا ئەگەر لە ڕوانگەی ئەخلاقی و عەدالەتخوازانە دوور بکەوینەوە و لەو کۆمەڵانەی کە زوڵمی پیاو، داوونەریت و دین نەماوە، چاوەڕوانی ئەوە لە ئافرەت بکرێ کە وەک هەر پیاوێکی هاوتای خۆی، ئاکامەکانی غیاب و کەم شارەزایی قبووڵ بکات، ئەوە دەبێ داهات و دەوریشی کەمتر بێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی کۆمەڵ و پێشکەوتنی بەردەوامی بەرهەمهێنان مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکرێ، ئەوە دەبێ وەک هەر کەسێکی ناو کۆمەڵ، نەک هەر کاری خۆی ڕاپەڕێنێ، بگرە بۆ دەرکەوتن و پێگەی نوێ وەرگرتن، دەبێ مونافەسە بکات. چونکە پێوەری پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێک پێشکەوتن و زیاتر بەرهەمهێنانە، ئینجا گەڕانەوە بۆ مەبدەئی یەکسانی. هیچ وڵاتێک تەنیا بە دەستوەگرتن وە مەبدەئی یەکسانی، مونافەسەی پێشکەوتنی پێ ناکرێ. ئەم تێڕوانینە بۆ تێکڕای کۆمەڵی مرۆڤایەتی ڕاستە. مرۆڤ کاتێک دەتوانێ عەدالەت دابێنێ کە کۆمەڵێکی زانا و پڕ بەرهەم و دەوڵەمەندی پێک نابێت. عەدالەت لە نەبوونی و پاشکەوتندا چێ نابیت. بۆیەش لە وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوانەی لە چارەسەری کێشەی ئافرەتدا ئەو ئەرکانەیان بەجێ گەیاندووە کە لە وڵاتی ئێمەدا خەونی پێوە دەبینین،

دیسـان ئاریشـەی ئافـرەت هەر مـاوە و بزووتنـەوەی فـێـمـینیـستـی لە پەرەسەندندایە.

مرۆڤدۆستیی عەدالەتخوازانە بە تەنیا نەیتوانی ئافرەت بگەیەنێتە ئەو پێگەیەی کـە ئیـتـر سـوێی لە دوای خـۆی نەبێت. چونکە کـەمـتـوانایی، نەخـۆشـیی تەبیـعی، منداڵبـوون هەمـوو کـات وەک مـۆتەکـە دەروونـی ئەو دادەگـرێت. ئەو مـۆتەکـەیەی پیـاو هەر بیـریشی لێ ناکـاتەوە و لە ئەنجامـەکـانیشی ناترسێت، چونکە هـەر ئافرەت گـرفـتـاری دەبێت. ئەو ئافرەتەی وەک هەر پیاوێک کار و ئازادیی هەیە و کۆمەڵ پشتیوانیی دەکات، کـاتێک بەبێ ئاگـایی سکی پڕ دەبێ، ئیـتـر هەمـوو بەرنامـەکـانی ژیانی سەربەخۆی لێ تووشی گرفت دێ.

لەو بوارەدا، تەکنۆلۆجـیـای تەندروسـتی هـێدی هێدی بەهانای ئافـرەت دەگـات. دەرمـانی ڕێگەگـرتن لە سکپڕی و ئامـرازەکانی تر تا رادەیەک ئەو ترسەی لێ ڕەواندەوە. دوایی ئاسانیی لەبەرچوواندن و ڕێگەی بەکارهێنانی مـەنع لە لای پیـاوەوە، هەندێکی تر هـێزی وەبەر ئافرەت هێنا، بەڵام دیسـان گرفـتە سـەرەکـیـیەکەی بۆ چارەسـەر نەکرد. ئەوە جگە لەو بەرەنگارییـەی کۆمەڵ لە بەکارهێنانی هەریەک لەو هاوکارییە تەندروستییانە، خستییە ڕوو. ئەگەر لە پلەیەکی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای تەندروستیدا، فەرهەنگی باو لە دژی وەسـتـا، ئەوەش قۆناغێکی تری تێکۆشـان بۆ ئافرەت دەخولقێنێ کە دەبێ خۆی و خەڵکی بۆ ئامادە بکات و زەمانێکیشی بۆ تەرخان بکات.

هەروەها زانیـاریی جینەکان یان جینیـۆم گەشـبینییـەکی تر دەخـاتە دڵی مـرۆڤ، بەڵکو بتـوانێ بەشـێکی زۆر لەو ئازارانەی ئافـرەت، بەلانی کـەم لە جـیلەکـانی داهـاتوودا، کـەم بکاتـەوە. بەهەرحـاڵ بەشـی سـەرەکـیی هـۆیە جەستەییەکانی دواکەوتنی ئافرەت لە مونافەسەی ئاسایی لەگەڵ پیاودا، بە یاسا و عەدالەتخوازی و خێرومەندی و ئامۆژگاری چارەسەر نەکران، بۆیە

دەبێ مرۆڤ ڕێگە چارەیەکی عەمەلی بدۆزێتەوە. ئەو قسەیەشم بەو مانایە نییە کە ئیتر هیچ مەکانەتێک بۆ پێشکەوتنی فیکری هاریکاریی نێوان دوو ڕەگەزی ناو کۆمەڵ نەمێنێ. هەموو تەجرەبەی باشی بەشەر لە ئەفسانە و دین و ئەخلاقی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی، یاسا هەرە پێشکەوتووەکان، ئامادەکردنی پیاوان بۆ هاوکاریی زیاتر، بەکارهێنانی یاسا دژی پیاوانی بە ئازار و راسیست بەرامبەر بە ئافرەت، پێویستە بەکار بێن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کێشەکە هەر ماوە. کەواتە دەبێ هانا بۆ چارەسەری واقیعی ببرێت. دەبێ زانستیش ببرێتە هانای ئافرەت تاکو وێڕای هەموارکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو چاکسازییەی زانستیش بەکار بێت. ئەوە جیا لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا کە بەشداریی ئافرەت زیاتر و جیاوازیی ئەو لەگەڵ پیاودا کەم دەکاتەوە.

ئەم تێڕوانینە، بۆ ئەوە نییە لە بێبەشکردنی ئافرەت بەردەوام بین، یان دەستەوستان تەماشای بەردەوامیی زوڵم بکەین. نابێ بیرکردنەوەی لەم چەشنەی من، بکرێتە پاسا و بۆ ئەو داوونەریتانەی ڕێگە لە بەردەم ئازادی و پێشکەوتنی ئافرەت دەگرن. ئەم بۆچوونانەی من باسیان دەکەم نەدەهاتنەدی، ئەگەر کەشێکی ئازادی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبوایە. ئەو کۆمەڵگەیەی یاسای نوێ لە بەرژەوەندیی مرۆڤ، بە ئافرەت و پیاوەوە، شوێنی باوەڕ و دابە کۆنەکان دەگرێ.

پەرەسەندنی راگەیاندن و فرە شێوەیی و فرە چەشنی لە گەیاندنی زانیاری و گواستنەوەی جۆرەوجۆریەتیی کولتوورەکان و سەپاندنی کراوەیی بەسەر فەرهەنگە داخراوەکان، ئەو تێکۆشانەی لەپێش ئافرەتانە، ئاسانتری کردووە. لەم رۆژگارەدا تاقمێک ئافرەتی بەتوانا و لێزان دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا، سەرنجی ناوەندە دەستڕۆیشتووەکانی جیهان، بۆ خواست یان رووداوێکی دیاریکراو ڕابکێشن. ئەو کارەی جاران هەر بە

خـەیاڵـیشـدا نەدەهـات. ئەمـەشـیـان جـۆرێکە لەو قـودرەتەی تەکنۆلۆجـیـا بە ئافرەتانی بەخشیوە. چەند ئافرەتێکی شـارەزا دەتوانن شاراوەترین جـۆری ستەم بە وێنەی ڤیدیۆیی تۆمـار بکەن و هـەر ئەو کاتە بیگەیەننە سـەرتاسـەری دنیـا، ئینتـەرنێت کـێوی قـافی پیـاوانی کـردووە بە شـووشـەیەکی روون کـە هیچی پێ ناشـاردرێتەوە. هـەروەها تێگەیاندنی ئافرەت لە مافـەکانی، بووەتە کارێکی فرە ئاسان، چونکە بە وێنە و فلیم، هـەمـوو کاتێک دەتوانێ ڕووداو و یاسـاو جۆری ژیانـی میللەتانی تـر ببینێ و لەگـەڵ یاسـا و دابەکـانی کۆمـەڵی خۆی بەراوردی بکات. ئافرەتان بۆ تێگەیشـتن و قبووڵکردنی فەرهـەنگی نوێی جـیـهـانی، ریزی پێـشـەوەی کـۆمـەڵگەی مـرۆڤ پێک دێنن. ئەوان بـەنسـبـەت پیـاوان، کـراوەترین توێژی مــرۆڤــایەتـین. هـەڵزۆقـینەوە و پابـەندبـوون بە خسـوسـیـاتی ناوچەیی، بۆ مـەبەسـتی هێشـتنەوەی داب و یاسا بە ئیـمـتیازە ئازاردەرەکـان، هـەر پیـاوان کاری بۆ دەکەن. هـەڵبـەت وەک کولتـوور بەشـێکی ئافرەتانیش پەسندیانە.

لە لایەکی تر، مـقـاوەمـەتی کـۆمـەڵە داخـراوەکـان لە بـەرامـبـەر هێـرشـی کرانەوەی فـەرهـەنگ لە جیهاندا، وەک جـاران نەماوە و شلۆقییەکی زۆری تێ کەوتووە. ڕادەی ئەو زانیاری و ئاگەدارییانـەی دەگەنە مرۆڤ، ئەو تواناییەی تێـدا خـولْقـاندووە ئەگـەر درەنگیش واز لەو بـڕوا پیـرۆزانـە بێنێ کـە لەم زەمــانـەدا پاســاویـان بۆ نایـەتەوە، بیـر لـە دابی نوێ و پـەیرەوی لە یاســای هـاوچەرخ بکاتەوە.

پەرەسـەندنی بیـروڕای مـرۆڤـدۆسـتـانە و هـاودەردی و لێـبـووردەیی کـە بە پێکهێنەرێکی سـەرەکیی کولتووری مـرۆڤـایەتیی ئەم رۆژگارە حـساب دەکرێ، قوەتێکی تر بە سـەربەسـتیی ئافرەتان دەدات. چونکە ئەو سیـفەتانە بەشـێکی سـەرەکـیی شـەخـسـیـەتی ئافـرەت پێک دێنن. پێکهـاتەییی بایەلۆجی و فـیزیۆلـۆجیی ئافرەت و پێگەی کۆمـەڵایەتی و هـەڵکەوتی سـایکۆلۆجـییەکـەی،

بەگشتی بنیادەمێکی بەڕوحم و لەخۆبووردە و بەلێبووردە و قبوولکاری جیاوازی و نەسڕینەوەی دژەکانی لێ دروست کردووە. جا کاتێک ئەم سیفەتانە زانیاری و پەروەردەشی ڕەگەڵ بکەوێ، ئەوە شەخسیەتی ئافرەت بە چەشنێک دەڕازێتەوە کە زۆر بەئاسانی ببێتە سیمبول و نموونەی کامڵی مرۆڤی ئەم زەمانە، واتە ئەو مرۆڤە کامڵەی کە لە زەمانی ئەفلاتوونەوە فەیلەسووفان و پێغەمبەران و زانایان لەسەری لە کاردان و خەڵکی بۆ پەروەردە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، من ناکەومە ناو تاقمی ئەو پیاوانەی کە موزایەدە بە ماف دەفرۆشن و بە چاوی ژن (جنس) بە ئافرەت هەڵدەڵێن. چونکە ئەگەر دیاردەکانی سروشت و ئاستەنگەکانی ژیانی ناو کۆمەڵ بووبێتە مایەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، بۆ دەبێ ڕەفتاری ئافرەت نەبووبێتە سەرچاوەی بیری تەسامح و لێبووردەیی و جیاوازی و قبوولکردنی بیری ئەوی تر؟ یان بە یەکەمین مامۆستای سەربەستی و چاوپۆشی لە بەدڕەفتاریی دەوروبەر و ڕێزگرتن لە بایەخی گیانی مرۆڤ دانەندرێ؟ ئەگەر هێڤ کەینێ دەبینین لە وڵاتی ئێمەدا ئەو نموونانە لە کاتی گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندە زۆرن، وەختێ باوک و برا بۆ غەسلی عار بڕیاری کوشتنی کچ، خوشک یان ژنەکانی خۆیان داوە تا شەڕەفی کۆمەڵایەتیی خۆیان بکڕنەوە، کەچی دایک یان خوشک، هەندێک جاران هەوێ، هاوکاریی ئافرەتە قوربانییەکەی کردووە و دەستتۆییی بۆ کردووە تا رابکات و دەربچێت. لە نێوان شەڕەفی خێزان و گیانی ئینسانێک، ئا لەوێدا ئافرەت بایەخی گیانی پێ لە قودرەتی شەڕەفی پیاوەکان و خۆی، زیاتر بووە. بۆیەش دەبێ ئافرەت تاکە کەناڵی نەقڵکردنی بەها ئینسانییەکانی مێژووی بنیادەم بووبێت. ئەو بنیادەمەی دیرۆکێکی پڕ لە خوێن و زیان و ئازاری بڕیوە و تاکو ئێستاش نەبووەتە مرۆڤ.

ده

## بەسەرکردنەوەی بیروڕاکان

لەناو کۆمەڵانی موسڵمان بەتایبەتی و ڕۆژهەڵات بەگشتی، لەسەر ئاریشەی ئافرەت گفتوگۆیەکی بەرفراوان هەیە. کە دەڵێم بەرفراوان، مەبەستم هێمنی و لێک تێگەیشتن نییە. بەداخەوە لەم ڕووبەرە بەرفراوانەی بەشێکی زۆری گێتی دادەگرێت، دەنگی لێک جیا لەم بابەتەدا زۆرن، بەڵام لێک تێگەیشتن بەهەمان ڕێژە کەمە. زۆربەی جارانیش بەرەنگاریی فیکری و ئایدیۆلۆجیی خۆی داوێتە بەرگی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و چنگ هاویشتنە ناو خوێنی یەکتری. ئەو شێوازە دەمێکە بەردەوامە، تا ئێستا هیچ بەرەیەک بە هێمنی و دوور لە گرژی، ڕای بەرامبەری خۆی نەخوێندووەتەوە، کەچی بە ئاسانی خوێنی ڕشتووە. زەمان و تەجرەبە وا دەخوازن ئەم شێوازە توندەی کە هەر خوێنی ڕشتووە و لێک حاڵیبوونی ناشتووە، بێتە گهۆڕین. لە پاکستان و بەنگلادیشدا دوو ئافرەت پۆستی سەرکۆماری و سەرۆک وەزیرییان هەیە کەچی بە ملیۆن ئافرەت، وەک زەعیفە زوڵمی لێ دەکرێ، دەکوژرێ، لەناو بازاڕ و لەسەر ماڵ هەتک دەکرێ. لەو دوو وڵاتەدا پیاوێک ئەگەر داوای ئافرەتێک بکا و ئەویش شووی پێ نەکات، بۆی هەیە تیزاب بە ڕووخساری ئافرەتەکەدا بکات و بەجۆرێک بیشێوێنێ کە تا هەتایێ نەتوانێ مێرد بکات.

کاتێک باسی سەرچاوەکانی ئەو کولتوورە دەکرێ کە شەرعیەت بە چەوساندنەوەی ئافرەت دەدات، بەشێک لە خاوەن ڕایەکان ئاماژە بۆ ئەو فیکرە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە شەریعەت دروستی کردووە. پێیان وایە

قـانوونەکـانی دینـی ئەم چەشـنە ژیانـەیان لە بنیـادەم دەوێت. هەر بۆیەش بەشـێک لە رۆشنگەران، کـێـشـەی ئافـرەت دەبەسـتنەوە بە پرۆسـەی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵ لە قانوونە دینییەکان.

دوای ئەوەی کە فـیکری مـارکـسیـسـتی لە سـەرەتای سـەدەی رابردوو، لە رێی سۆڤیەتییەکانەوە گەیشتە ناو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی، گورێکی زیاتری بە ڕوانگەی نێ سەبارەت بە ئافرەت بەخشی. بەتایبـەتی کە لە ئەورووپا دەمـێک بوو کـێشـەی ئـافـرەت بووبووە بەشـێک لە کـەرەسـتـەی خـەباتی کـۆمـۆنیسـتـەکان لە دژی سـەرمایـەداری. بەرەنگاربوونەوەی گـەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم دژی داگیرکارانی غەیرە دین و نوێ، بە رێکخەری و ڕابەری ئەو رووناکبـیـرە ئاینیـیـانە بوو کـە هەڵگری کـولتـووری ئیـسـلامی زەمـانی خـۆیان و پێشکەوتنی ئەورووپایی بوون. کۆلۆنیـالیـزم وەک هۆکاری بگۆڕ لە ژیانـی ئابووری و ئیـداری و کـۆمـەڵایـەتیی گـەلانی رۆژهـەڵات، بە پاڵپەسـتـۆی خـۆی، بووە مـایەی سـەرهـەڵدانی ناسـیـۆنالیـزم. لەو بزووتنەوە ناسـیـونالیـسـتـانەدا ئەو رووناکـبـیـرانە ڕابەر بوون کـە وێڕای خـواسـتی سـەربـەخـۆیی نیـشـتـمان، داوای رێکخـسـتنەوەی بـاری کۆمـەڵایـەتیـشـیـان دەکـرد، بەڵام لەسـەر بنەمـایەکی تازە و بـە هـەندێک گـۆڕانکاری. دەکـرێ بۆ ئەوەش ئاوڕێک لە بیـر و چالاکیی رووناکـبیـرانی تورک و عـەرەب و فـارس بدەینەوە کـە دوای ناوەڕاسـتـی سـەدەی نۆزدەم هاتنە مـەیدان. ئەوانە لە بەشـداریی ئافـرەتان بۆ ژیانی کـۆمـەڵایەتی، چەند هەنگاوێکی جـیـدییـان هاویشت و داواشیان دەکرد خاوەن فتواکانی دینی، ئەو گۆڕانکارییە بخەنە ناو پەروەردە ئاینییەکانیان. لە دواییدا دەرکەوت جیاوازییـەکی زۆر لە نێوان خواستی ئەو رۆشنگەرانە و دەسەڵاتدارانی ئاینی هەبوو.

هەر لەناو خـاوەن فتـواکانی ئەو کاتدا کـە زۆریش کاریگەرییان بەسـەر باوەڕی خـەڵکەوە هەبوو، دژی ئەو بیـروباوەڕەی سـەرەوە وەسـتان و ئامادە نەبوون بۆ ئافـرەتان دان بە بچووکترین مافدا بنێن. گەڕانەوە بـۆ کێشـەی

فیکری – ئاینی ئەو کات، بەتایبەتی لە ناوەندە فیکرییە گەورەکانی جیهانی ئیسلام – ئەستەمبۆڵ، تاران، شام، قاهیرە – ئەم هەقیقەتە دەردەخات.

کێشەی ناوخۆیی سەرکردایەتیی فیکری و سیاسیی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان، وردە وردە بەرەو لێکدابڕانی بردن و سەرەنجام، باڵە ئاینییەکە دایەوە کەنار و وەک نارازی ئاینی دایم لە منگەدا بوو. لایەکەی تر، پتر رووەو عەلمانییەت لە پرۆگرامدا رۆیشت. ئەوە بوو لە بواری تێڕوانینی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵەیەکی مارکسیستی – لیبراڵیستی وەرگرت. بەڵام لە کردەوەدا، ئەوەی پێوەندیی بە ئافرەتەوە بوو، نەیتوانی لە سنووری کولتووری باو تێپەڕێ.

ئەو واقیعەی سەرەوە، بووە هۆی دواخستنی بیرکردنەوەی جیدی لەمەڕ مەسەلەی ئافرەت. بە تایبەتی بیرکردنەوە لە خسوسیاتی هەر ناوچەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە، پشتگوێ خرا. لە جیاتیی ئەوە، بەرەنگاریی نێوان فیکری دینی و میللیی رزگاریخواز، توندتر کرا. لەو توندییەی نێوان دوو بەرەدا، لە لایەک سەلەفییەکانی دینی، لە لایەکەی تر مارکسییەکان بووبوونە داینەمۆی گرژییەکە.

لە نیهایەتدا، ژیان بە تەجرەبە سەلماندی کە تێڕوانینی ئاینی، بەو ڕوانگە سەلەفییەی هەڵی گرتبوو، نەیدەتوانی ئیجتیهادێکی موناسب لەگەڵ سەردەم بکات. ئەوە وای کرد لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی دوور بوەستێ. بۆیە لە جیاتیی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی کۆت لەسەر دەست و پێی ئافرەت، فتواکان کە ئی ئەو سەردەم بوون، توندوتیژییان هان دەدا. مارکسی و ئازادیخوازەکانیش مۆدیلێکیان پێشنیاز دەکرد کە هیچ گونجاندنێکی واقیعییانەی لەگەڵ هەڵکەوت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی خۆیان لە بەرچاو نەگرتبوو. لەوەوە نەیانتوانی باوەڕێکی شایان، بە ئافرەتانی وڵاتەکانیان بقبوولێنن. ئەو تێڕوانینە بوو وای کرد هەر لە کەمایەتیی فیکریدا بمێننەوە.

لەم سەردەمەدا، جیا لەو رەوتە فیکرییە دینیەی بە سەلەفییەتەوە دەروانێتە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی لە ڕاست کێشەی ئافرەتدا توندوتیژی بەکار دێنێ، ڕەوتێکی تر هەیە، وا دەزانێ دەکرێ تێڕوانینێکی دینی نوێ بۆ کێشەی ئافرەت هەبێ. ئەوانە پتر دەگەڕێنەوە سەر تەئویلکردنی دەقە پیرۆزەکانی دین و تەفسیرکردنی کردار و ژیانی تایبەتیی حەزرەتی محەمەد. لەوەوە وا هەڵدێنجن کە دەکرێ تەفسیرێکی هاوچەرخ بۆ هەڵوێستی دین لە ئافرەت هەبێت و یاسا و عورفە باوەکانی کۆمەڵ ئەوانەی لە دینەوە هەڵێنجراون، گۆڕانیان تێدا بکرێ. ئەوە کارێک بوو دەبوا خاوەن فتواکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بیکەن. بۆ نەیانکرد؟ وەڵامێکی نێزیک لە ڕاستی دەڵێ دین گۆڕانی تێدا ناکرێ، چونکە موقەدەسە و پێویستە بەشەر خۆی لەگەڵ دین بگونجێنێ. ئەگەرنا، قانوونێکی تر بەکار بێن کە هەستی ئاینی بریندار نەکات.

لەم تێڕوانینەی دوایدا، گەڕانەوەیەک هەیە بۆ هەوڵە فیکرییە چاکسازیخوازەکانی ناو کۆمەڵی ئیسلامی کۆتایی سەدەی نۆزدەم. بۆیە دەبێ بکرێتە بەشێک لەو دەنگانەی فیکر پێشنیاز دەکەن. تاکو لە دواجاردا تەفسیرێک بۆ ئازادیی ئافرەت دەرچێ کە تام و بۆی خۆمانەیی هەبێت. ئەگینا لە راستیدا تا ئێستا هیچ دینێک باوەڕە موقەدەسەکانی خۆی نەگۆڕیوە، بۆیە نابێ ئەو چاوەڕوانییەشمان لە ئیسلام هەبێت. بەڵام دەکرێ ئەو قانوونانەی تەعریفی ئازادیی ئافرەت دەکەن، خۆیان لە دژایەتیکردن و هاروژاندنی هەستی ئاینی بپارێزن. تاکو بشێ داوا بکرێ دینیش دەخالەت لە قانوون و کاروباری حکوومەتدا نەکات.

لە وڵاتی ئێمەدا لاباڵێکی نەتەوەیی هەیە، داوا دەکات ڕەسەنایەتیی کوردەواری لەو تەعریفانەدا رەچاو بکرێ کە بۆ ئازادیی ئافرەت دەخرێنە پێش. ئەوان پێیان وایە نەک بەو توندییەی باوەڕە ئاینییەکە، نە ئەو ئازادییەش کە رۆشنگەرانی ئەمرۆ داوای دەکەن. لە قەناعەتەکانیاندا

بانگێک هەیە گوایە کورد نموونەی تایبەتی خۆی لە ئافرەتی ئازا و ئازاددا هەیە. لەوەشدا باسی بەشداریی ئافرەت لە کار و بەرهەمهێنان دەکەن کە هیچ قەدەغەیەکی بەسەرەوە نەبووە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ئەو دابە هێورانە دێننەوە کە لە هەندێک ناوچەی مەزەبی و سۆفییانەدا پەیڕەو دەکرێن. جا لەناویشیاندا باسی خانزادی سۆران و حەپسە خانی نەقیب و مەستوورەی ئەردەڵان و ئەو ئافرەتە لە خۆبووردووانە دەکەن کە لە شۆڕشەکانی کوردستاندا فیداکارییان نواندووە.

هەڵبەت دەبێ لە بیرمان بێت، ئێمە میللەتێکین بە تێکۆشان خۆمان پاراستووە و لە بەشێکی کوردستاندا گەیشتووینەتە ڕزگاری. دیارە تایبەتمەندیی خۆمان هەیە کە لە هاوسێ هاودینەکانمان جیامان دەکاتەوە. بۆیە لە مەسەلەی ئافرەتیشدا دەبێ مێژووی خۆمان لە بەرچاو بێت و خسوسییاتی هێمنی داوونەریتە میللییەکانی خۆمان لە بیر نەچێت.

لەپاڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین ئێمە میللەتێکین پێوەندییەکی پتەومان بە دنیاوە هەیە. دوای سەد ساڵ خەبات لە پێناوی ڕزگاری، دواجار بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ئاواتەکانمان هاتنە دی. ئێمە ناتوانین لە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لاتەریک بین. دەبێ لە پرۆسەی ئازادسازی و دیموکراتیکردنی کۆمەڵەکەمان نەترس و بێ منەت بین و بە بیانووی داوونەریت و فتوای هەندێک لە پیاوانی ئاینی، خۆمان لە ئازادیخوازی نەدزینەوە. بەهیچ شێوەیەک ناکرێ ڕەسەنایەتی لە کولتووردا بە سەلەفیایەتییەکی شاراوە تەفسیر بکەین. هەڵبەت هەر هەوڵێکی تری پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، بەناوی ئازادیخوازی بە پەلە لاسایی نەریتی نامۆی ڕۆژئاوایی بکاتەوە، ناتوانێ یارمەتیی باوەڕی گشتی بدات. دەبێ قانوونێکی هاوچەرخ سنووری نێوان بەرایەندی باوەڕی گشتی و ڕای تایبەت بۆ ئازادیی فەردی، دیاری بکات. دەبێ وریا بین بە پاساوی باوەڕی باو، ئازادیی تاک – کە یەکێکە لە بنەماکانی پێشکەوتنی مرۆڤ – پێشێل نەکرێ.

ئەوەی پێوەندە بە چەمکی ئافرەتی ئازا و ئازاد، من بە دوو جۆرە بوونی جیاوازی دەزانم. گومان هەڵناگرێ لە کاروانی خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئافرەتانی ئازا و قارەمان و لەخۆبووردوو زۆر بوون. ئەوانەی دایک یان ژنی پێشمەرگە و تێکۆشەران بوون، یان تەحەمولی شەهیدبوونی ئەندامانی خێزانەکەیان دەکرد و باری گرانی بێوەژنیان دوای شەهیدبوونی مێردەکەیان بە ملەوە دەگرت، هاوکاریی پێشمەرگەیان دەکرد، ئازارەکانی ڕاگواستن و ئەنفالیان بەرکەوت، نامۆیی و برسییەتی ئاوارەییان چێشت، یان چەندان شێوەی تری چەوسانەوە لە سۆنگەی خەباتی میللەتەکەیان، ئەو ژمارەیەش کە بوونە ئەندامی بزووتنەوەی نهێنی یان پێشمەرگە بوون، یان ئەوانەی لە بێلایەنیدا لە پڕێکدا ئاگری جەنگ خۆشەویستی لێ دەستاندن، ئەوانە هەموو نموونەی ئافرەتی ئازای کوردستانن، قارەمان ئەوانەن، هەر ئەوانە قارەمانپەروەریش بوون. بەڵام ڕاستییەکی تاڵ هەیە، هەموو ئافرەتێکی ئازا، شەرت نییە ئازاد بووبێت. من دڵنیام ئافرەتی کورد وەک ئازا بووە، ئازادیی کۆمەڵایەتیی قەت نەبینیوە. بۆیە نابێ ئەم دوو چەمکە تێکەڵ بکرێن. دەبێ هەقی ئەو ئافرەتە ئازایانە، ئازادییەکی ئینسانیی هاوچەرخ بێت کە سەلامەتیی رۆحی و فەرهەنگی بە کۆمەڵەکەمان ببەخشێت. نەک داوونەریتی دژی ئازادی بە رەسەنایەتی لێک بدرێتەوە و بکرێتە لەمپەر لە بەردەم ئازادسازیی ئافرەتدا.

ئازادیی ئافرەتان برێتی نییە لە قبووڵکردنی ڕوانگەیەکی دیاریکراو، تەنیا لە قسە یان چەند برگەیەکی قانوونیدا، بەقەد ئەوەی دەبێ لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا هێزی سەرەکی، واتە حکوومەت پشتیوان بێت. هەروەها ئەوەش دەبێ زەوینەیەکی پتەوی ئابووری و پەروەردەیی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتیی هەبێت. ئەگینا هیچ ئافرەتێک ناتوانێ لە وڵاتێکی پاشکەوتوو و خاوەن ئابوورییەکی لاواز و ئامادەنەکراوی کۆمەڵایەتیدا، موغامەرە بە خۆی بکات و هەنگاو بەرەو سەربەستیی خۆی بنێت. پێویستە هەڵمەتێکی جیدی

بۆ جێگۆڕکێ پێکردنی هەندێک بایەخ و داوونەریتی کۆمەڵایەتی بکرێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵ مومارەسەکردنی ئەو مافانە بە ئافرەت ڕەوا ببینێ و لە دەرەوەی یاسا نەیخەنە ژێر پاڵەپەستۆی ناڕاستەوخۆ.

لە لایەکی تر ئازادیی ئافرەت بەبێ پەیڕەوکردنی ئازادییەکانی تاک، سەرناگرێ. دەبێ دەسەڵاتی پیاو کە بە قانوون لەسەر ئافرەت لادەبرێ، بگۆڕدرێت بۆ سەربەستییەکی ڕاستەقینەی ئینسانی و ئەویش وەک ئافرەت لە مومارەسەکردنی سەربەستیدا دەستکراوە بێت. جاران کە پیاو دەسەڵاتی بەکار دەهێنا، سەربەستییەکی شکڵیی هەبوو، چونکە یەکلایەنە و زەبر و زۆری لەگەڵدا بوو. هەڵبەت چونکە ڕەگەزی هێز بە سروشت لای پیاو هەیە، دەبێ هەموو کات کۆمەڵ و حکوومەت لە ئامادەییدا بن بۆ دیفاعکردن لە هەر ئافرەتێک کە دەستدرێژیی بکرێتە سەر.

ئافرەتی هاوچەرخ، چەشنێکە لە جیلێکی ئامادەکراو، پەروەردەی زانستی دراو، لە کۆمەڵێکی خاوەن ئابووری و تەکنۆلۆجیایەکی ئاستی باڵا کە لەوێدا بتوانی کاری دڵخوازی خۆی بدۆزێتەوە و لە پشتیوانیی یاسا بەرخوردار بێت. بە کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا، کەمهێزییەکانی پڕ بکاتەوە تا لە پیاو کەم ئیمتیازتر نەبێ. وەک نیوەی کۆمەڵ، نیوەیەکی لە نەوعیەتدا جیاواز لە پیاو، بەڵام بەرابەر، دەوری کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری و پەروەردەییی خۆی ببینێ. ئافرەتی ئازاد و هاوچەرخ نەک هەر بۆ کۆمەڵی پیاوان سەرشکانەوە نییە، بگرە هێزی ڕاستەقینەی پیاویش ئازاد دەکات. چونکە بەشێکی زۆری وەخت و بایەخ و وزەی پیاو بە کۆنترۆڵکردنی نیوەی کۆمەڵەوە خەسار دەکرێ. ئەو نیوەیەی لە ژێردەستەییدا سەربار دەژیێ و ڕێگەی نادرێ هاوشانی نیوەکەی تر لە کار و بەرهەمدا بێت. نیوەکەی پیاوان، دەسەڵاتی خۆی بە هەر ناوێک بۆ کۆیلەکردنی نیوەکەی تر بەکار بێنێ، ئەوە خۆشی ئازاد نییە، پاسەوانی گەلی ئەسیرانە.

یازده

## ئەدی لە کوردستاندا کام هەنگاوانە؟

لە کوردستانی ڕزگاردا، مەسەلەی ئافرەت نەک هەر ئاریشەیەکی ناوەخۆییە، بگرە بووەتە یەکێک لەو گرفتانەی کۆمەڵی کوردستان بەدەستییەوە دایم لە کێشەدایە. ئەم کێشەیە زۆرجاران بوعدێکی دەرەکیش وەردەگرێت و دەبێتە پاڵەپەستۆیەک لە لایەن ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ بۆ سەر حکوومەتی کوردستان. وڵاتانی ئەورووپا و دۆستەکانی گەلی کورد بەردەوام گازندە لەم حکوومەتە دەکەن کارێکی وا بکات چیی تر ئافرەت لەناو کوردان نەکوژرێن، جا لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت. ناوی کوردستان ساڵانە لە لیستی ئەو وڵاتانەدایە کە مافی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێ، لەناو ئەوەشدا یەکێک لە باسەکان بۆ کوشتنی ئافرەتانی کورد تەرخان دەکرێ. کاری ئافرەتکوژیی کوردان گەیشتووەتە ڕادەیەک بەناوەوەی وڵاتی خۆی پەسند ناکات، دەچن لە ئەورووپاش کچ و ژنەکانی خۆیان دەکوژن. هەندێکیش لە ئەورووپاوە کچ و ژنەکانیان دێننەوە کوردستان و کۆتایی بە ژیانیان دێنن.

جارێ پێش هەموو شتێک، پێویستە ناوەندە کۆمەڵناسی و دەروونناسییەکانی کوردستان، بکەونە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو بارە سایکۆلۆجییەی لەناو میللەتی ئێمەدا خولقاوە. چونکە توندوتیژی بەم ڕادەیە، دیاردەیەکی نامۆیە بەو کۆمەڵەی کە لە کولتووری کۆنیدا داوونەریت بەم چەشنە نەبووە. هەموو کات وا دیار بووە کە خەڵکانی ناوچە شاخاوییەکان، سەرەڕای دەسوەکەری و جەنگاوەرییان لە بەرامبەر داگیرکاردا، لە پێوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان زۆر کراوە و هێمن بوون. ئەوەش هۆکاری جوگرافی و کەشوهەوا و پێویستێتی بە کاری ئافرەتان و چەندانی تری هەیە.

میللەتی کورد لە لایەک زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵە، بۆ رزگاری لە تێکۆشاندایە. بەتایبەتی لەوەتای عێراق دامەزراوە، ئەم تێکۆشانەی کورد فراوانتر و چڕتر بووە. لە ساڵی ١٩٥٨ەوە چەک بەفراوانی لە بەردەستی خەڵکدایە. دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، سیاسەتی ڕاگواستن و بە جاشکردن و تواندنەوەی نەتەوەیی و لەناوبردنی بە کۆمەڵ و سەرەنجام ئەنفال و بۆردمانی کیمیایی پەیڕەو دەکرا. ئەوجا شەڕی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران. ئەوانە هەموویان لە ماوەی بیست ساڵدا، جۆری کار و بژێو، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کولتووری هێمنی کۆنیان لاواز کرد. توندوتیژی و کوشتن و تاڵانکردن و هاوکاریکردنی داگیرکار بووە باو. حاڵەتێکی نائاسایی خوڵقا، دروستبوونی سایکۆلۆجییەتی بنیادەمی چەوساوە و قوربانی، ئەوجا هەوڵدان بۆ خۆشیرینکردن لای بکوژی داگیرکار، بۆ مەبەستی خۆدەربازکردن، لەو پێناوەدا ئامادەیی وەرگرتن بۆ کوشتنی هاوسێ، بەو هیوایەی خۆی قورتار ببێ. هەبوونی قانوونی غەسلی عار و بڕیاری ئەنفال، ئەوانە و سەدان هاندان و ڕەفتاری تری دوور لە کولتووری ئەم زەمانەی میللەتانی پێشکەوتوو، کارێکی کرد کە ڕەفتاری توند ببێتە هەڵسوکەوتی زاڵ. ڕق و کینە و تێڕوانینی پیلانگێڕانە، نەمانی متمانە، حەزی دەوڵەمەندی لەسەر دزینی ماڵی خەڵک، ملکەچی بۆ دەسەڵاتدار، ڕەفتاری بەکرێگیراوانە، بوونە بەشێک لە ئەخلاقی باوی ناو کۆمەڵ.

ئەگینا جیا لە کولتووری هێمنی کورد، ئەوە بۆ حەفتا ساڵ دەچێ، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، دانیشتوان بە مافەکانی ئافرەت، وەک بەشێک لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان ئاشنا دەکات. چەندان جیلی کادیرانی سیاسیی بەم چەمکانە پێ گەیاندوون. لە شیعر و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیدا باسی هۆشیاریی ئافرەتان کراوە و داوا کراوە ئافرەتانیش بە

خـۆهۆشـیـارکـردن، ببنە بەشـێکی بزووتنـەوەی شـۆڕشـگێـڕی. بۆیە ئەو توندوتیژییـەی لە کوردسـتـان دەبیندرێ، ڕەفتارێکی نامۆیە بە کولتووری میللی و ڕۆشنگەریی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی.

دوای سەربەخۆیی کوردسـتـان، حکوومەتی میللی بووە مەسـئول لە بەرامبەر هەمـوو ئەو توندوتیـژییـەی دەرهەق بە ئافـرەتان دەکرێ. کـولتـووری شـێـواو و نامۆی داگیرکار بووەتە بارێکی گران بەسـەر کۆمـەڵێک کە دوای سـەد و پەنجا ساڵ تێکۆشـان بۆ رزگاری، حـەفتـا سـاڵ بەڵێندان بە ئازادیی ئافرەتان، رۆژانە مەیتی ئافرەتانی کوژراو دەنێژێ و تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و رۆشنبیری ڕێگەیان نادرێ تیشکی بخەنە سەر. بکوژی ئافرەت بە ئاسانی لە دەست سزا، بە ئاسـانکاری یاسـا بەرهەڵدەبێ. چەندە دیاردەیەکی بەئێشـە کـاتێـک مرۆ لە حاکم و مـافپەروەرەکـان دەبیسـتێ کە چۆن دیفاع لە یاسـا توندەکانی کوشتنی ئافرەت دەکەن. دیاردەیەکی زۆر غەریبە کە تا ئێسـتاش مافپەروەرێکی کورد بە دیفاعکردن لە مـافەکانی ئافرەت ناناسرێ. ئافرەتانی کوردسـتـان تا ئێسـتـاش تێکۆشـەر و چالاکی هۆشـیـاریان لەسـەر مـافـەکانی خـۆیان نیـە. کـاتێک باسی مـافەکانی خۆیان دەکەن، ڕادەی سـادەیی و کەم چاوەڕوانییان مـرۆ دەتاسێنێ. هەندێک جـار خـودی حکوومـەت حـەز دەکـات پـاڵەپەسـتـۆ لە لایەن ئافـرەتان و جەماوەری لایەنگریان هـەبێت تاکو بـە قازانجی ئەوان هـەڵسوکەوت بکات، بەڵام بەداخەوە هەر چاوەڕوانییە و هیچی تر.

ژمـارەیـەکی کـەم ئافـرەتی هـۆشـیـار و خـوێندەوار لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات پەیدا بوون کـە هـەریەکـەیـان بەشـێـوەی خـۆی، دیفـاع لە مـەسـەلەکـەیان دەکـات. ئەوانەی ناوەوەی کـوردسـتـان زیاتر لە بواری ڕاگەیاندندا کـار دەکەن. هـەوڵـیـان داوە لە ڕۆژنامـە و گـۆوارەکـانی ناوەخـۆدا، لەسـەر کـێشـەکە بنووسن. هـەڵبـەت لەبەر سـانسـۆری ناوەخـۆ، ڕێگەیان نەبـووە بە تێروتەسـەلی بکەونە نـاو کـاری نووسین و هۆشیـارکردنەوەی ئافرەتان. هـەر ئەوانـە، لەم چەند سـاڵی ڕابردوودا چەند جموجۆڵێکی سیمینار و گفتوگۆیان ساز داوە. لە تەلەڤزیۆنەکاندا کەم تا

زۆر ڕێگە دراون باس لە کێشەکەیان بکەن. چەند نووسەرێکی ئافرەتیش هەوڵی نووسینیان هەیە، بەڵام هەست ناکرێ لە لایەن ئافرەتانەوە سەرنج ڕاکێش بووبن. نووسەرانی ناوەوە زۆرتری وەختی خۆیان بە لێکۆڵینەوە لەسەر یاسا رەسمی و حوکمە ئاینییەکان خەریک کردووە. ویستوویانە ڕەخنە لە هەردووکیان بگرن، بەڵام بە شاراوەیی.

بەشی دووەم لە ئافرەتانی نووسەر کە ڕەخنە لەسەر هەموو بوارەکانی ئاستەنگ لەپێش ئافرەت دەنووسن، ئەوانەن کە لە دەرەوەی وڵاتن. ئەوانە بە ئازادییەکی زیاتر باسی کێشەکان دەکەن. زانیارییەکانیان لە سنووری رەخنەگرتن لە یاسا و فەرمانە ئاینییەکان تێپەڕیوە. باس لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی ئەخلاق و داوونەریتەکانی دژی ئافرەت دەکەن. هەروەها پەنا بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونیی ئافرەت و پیاو دەبەن کە پێوەندیی بە چەمکی ماف لە نێوانیاندا هەبێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەوانە، زۆر بە کەمی دەگاتە کوردستان و هیچ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەش خۆی لە قەرەی چاپکردنەوەی ئەو نووسینانە نەداوە. چاپ نەکردنەکەش بۆ ئەو توندوتیژییە دەگەڕێتەوە کە لە ناوەوە دەرهەق بەو ناوەندانە ڕوو دەدات.

هەر بۆیە تا ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئافرەتە چالاکەکانی دەرەوە و ناوەوە ڕووی نەداوە. ئەو میکانیزمی پێوەندییە شلە وای کردووە کارلێکی نێوان چالاکییەکان لە ئاستی سفر تێ نەپەڕێ و لە ناوەوە شتێک لە هۆشیاریی ئافرەتان و پیاوان زیاد نەبێت.

لە بەشداریی چالاکییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەموو کات شاندەکانی کوردستان بەشدارن، بەڵام چونکە وابەستەییەکی نەک سیاسی بگرە زیاد لە پێویست تابیعانەیان هەیە، لە کارەکانیان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ نادەن بە جەماوەری خۆیان. کەسیش نازانی چی زانیارییەک دەدەن بەو ڕێکخراوانەی بانگهێشتنیان دەکەن. بۆیە هاتوچوونەکانیان لە حدودی هاتن و چوونی وەفدێکی حزبی تێ ناپەڕێت. کەچی ئەگەر مەبەست چالاککردنی

بزووتنەوەی ئافـرەتـان بوایـە، دەکـرا هـاوئاهـەنگیـیـەک لە نێـوان گـشت چالاکییەکانی دەرەوە و ناوەوە هەبوایە. لەولاشەوە، چالاکە کەمێک توندڕۆکانی ئافرەتان لە دەرەوە، نەیانتوانیوە سەرنجی ڕێکخراوە بیانییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن تا بەشداریی کۆبوونەوەکانیان بن.

جیا لە ڕێکخراوە ڕەسمییە حزبییەکانی ناوەوە، هیچ ناوەندێکی لێکۆڵینەوە نییە تا بایەخ بە مەسەلەی ئازادیی ئافرەت و ئاریشەکانی بدات، بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیعدا لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکات و بە جۆرێکی تێر و دوور لە هەڵوێستی سیاسییانە، بەشداری لە ساخکردنەوە و هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا بکات. کۆلێجەکانی زانکۆکانی کوردستان، ئەوانەی بواریان کۆمەڵناسی و دەروونناسینە، تا ئێستا خۆیان لە قەرەی ئەم کێشە بەرفراوانە نادەن.

مافپەروەرەکانی کوردستان، لە سنووری یاسای باو تێ ناپەڕن و هیچ تەجرەبەیەکیان لەسەر گومان خستنە سەر یاساکان نییە. پتر بەلای ئەوەدان دیفاع لە قودسیەتی یاسا بکەن. بۆیە تا ئێستا نەیانتوانیوە ببنە بەشێک لە جموجۆڵی کۆمەڵ بۆ گۆڕانکاری.

بەڕای من، پێویستە حکومەتی کوردستان دەورێکی چالاکتر لەو کێشەیەدا ببینێ. دەکرێ هاوئاهەنگی لە نێوان چالاکییەکانی دەرەوە و ناوەوە دروست بکات. ناوەندە فیکرییەکانی ناوەخۆ هان بدات لێکۆڵینەوەکانی خۆیان و دەرەوە پەرە پێ بدەن و میکانیزمێکی موناسب بۆ بەگەڕخستنی کردەوەی هۆشیارکردنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئافرەتان دابنێن. ئەوە جیا لە بەردەوامبوون لە تەعدیلکردنی یاسا زاڵمەکان و دانانی یاسای نوێی ئەوتۆ لە شوێنیان، کە بگونجێن لەگەڵ سایکۆلۆجیەتی میللەتەکەمان. هەروەها حکوومەت بە جیدی بکەوێتە پەنادان و بەهاناوەچوونی ئەو ئافرەتانەی غەدریان لێ دەکرێ.

هەڵبەت دەبێ لە بیرمان نەچێت، حکوومەتێک دەتوانێ بەباشی بەو کارانە

هەڵسێت کە خاوەنی ئابوورییەکی گەشەسەندو بێت. پرۆژەیەکیشی بۆ ئافرەتان هەبێت تا ئاسانکارییان بۆ بکات بکەونە سەر کار. لە حکومەتی برسی و بێ دەرامەتدا، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ بەرابەری، کارێکی مەحاڵە. یەکێک لە پێشکەوتنەکانی یەکەتیی سۆڤیەت، لە بواری مافە مەدەنییەکاندا کارکردنیان بوو لەسەر مافی ئافرەتان. لێ کاتێک باری ئابووری و ئەمنیی وڵاتەکە لێک هەڵوەشا، بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو ئافرەتان کەوتنەوە بەر پەلاماری نابەرابەری. مەجالی کاریان لێ کەم کرایەوە، بە سەدان هەزاریان بۆ بەکارهێنانی جنسی، بەهۆی تۆڕەکانی مافیا، ڕەوانەی شوێنە جیا جیاکانی جیهان دەکرێن، ئەوانەی پێیان دەڵێن کۆیلەی سپی.

شتێکی حاشا هەڵنەگرە، وڵاتی ئێمە ناتوانێ لە کردەوەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی کۆمەڵدا سەرکەوێت، ئەگەر بە جیدی و واقیعییانە نەکەوێتە چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت. هێمنی و متمانەی کۆمەڵایەتی دروست نابێت ئەگەر بەندەییی ئافرەتان بەکۆتا نەیەت. لەم جۆرە حاڵەتە کۆمەڵایەتییەدا دیموکراسی و بەشداریی جەماوەر لە شکلیەت تێ ناپەڕێ و نابێتە پرۆسەیەکی بنیاتنەری کۆمەڵایەتی ئەگەر کێشەی ئافرەت چارەسەرییەکی جیدی و هێمنی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە بەرامبەر ئەو گفتەی بە درێژاییی مێژووی خۆی بە ئافرەتانی دەدا، قسە کورت دەردەچێ و خەڵک بۆی هەیە لە مافی خۆی بپێچێتەوە.

هێنانەدیی هەموو مافەکانی ئافرەت لە کوردستاندا، کاری بەرنامەیەک و ساڵێک نییە، پێویستە لەگەڵ گۆڕینی یاساکان، حکوومەت بەرچاڕوونییەکی کاملی بۆ داهاتووی نیوەی کۆمەڵ هەبێت. هەنگاوەکانی ئێستا بۆ هەڵگرتنی زوڵم، دەبێتە زەوینەی باسکردنی بەرابەری ڕاستەقینە لە داهاتوویەکی نێزیکدا. ئێمە ناتوانین چیی تر لە بەدبەختیدا بژین، بۆیە دەبێ کۆیلەکان ئازاد بکرێن تا لە کۆمەڵێکی ئینسانیدا شان بەشانی پیاو کار بکەن و بیر لە داهێنانی بەردەوام بکەنەوە.

## ناوەڕۆک


یەک دوو قسە ........ 5
یەک: شوێنی ئافرەت لە ئەفسانە و دیندا ........ 7
دوو: ئافرەت لە کولتووری فەرمانڕەواییە ئیسلامییەکاندا ........ 20
سێ: یاسا و داوونەریتەکان لە دژی ئافرەتن ........ 24
چوار: سەرمایەداری و کێشەی ئافرەت ........ 28
پێنج: کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی ئافرەتان ........ 32
شەش: روانگەی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لەسەر ئافرەت ........ 38
حەوت: ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتان ........ 42
هەشت: رێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان ........ 45
نۆ: کەڵک وەرگرتنی ئینسانی لە تەکنۆلۆجیا ........ 51
دە: بەسەرکردنەوەی بیروڕاکان ........ 59
یازدە: ئەدی لە کوردستاندا کام هەنگاوانە؟ ........ 66